دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٨٨

پێنجشەممە٣٠ی جۆزەردانی ١٣٨٧ ـ١٩ ژوئەنی ٢٠٠٨ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



**پێشکەوتنێکی مێژوویی زمانی کوردیو هێندێك تایبەتمەندیی... ٥**

### پیرۆزبێ

## ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان

لە٢٨ ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستان، دەنگی هەقگۆو راستوێژی کوردستان، دەنگی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان، پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە کارگێڕانو بەرپرسانی رادیۆ دەکەین، چ ئەوانەی هەرئێستا لەم رادیۆیەدا درێژە بە خزمەتەکانیان دەدەنو چ ئەوانەش لە رابردوودا خزمەتیان بەو دەنگە ئازا و بوێرە کردوە.

هەروەها پیرۆزبایی لە گوێگرانی رادیۆی دەنگی کوردستان لە سەرانسەری ئێرانو کوردستان دا دەکەین کە ئەمەگو خۆشەویستیی ئەوان بە رادیۆ یەکێك لە هۆیەکانی درێژەکیشانی نزیك بەسێ دەیە کاری ئەم رادیۆیە بووە.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو نووسەرو وێژەرە شەهیدانەی لە قۆناغێك لە قۆناغە پڕلە هەورازو نشێوەکانی ئەم رادیۆیەدا کاریان کرد.

# گوشار بۆ سەر چالاکانی مەدەنیی کورد رۆژ بە رۆژ پەرە دەستێنێ



کۆماری ئیسلامی گوشارەکانی خۆی بۆ سەر چالاکانی مەدەنیو سیاسیی کوردی پەرە پێداوەو لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا چەندین چالاکی کورد بە تۆمەتی جۆراوجۆر سزای زیندانیان بۆ بڕاوەتەوە.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵنێری موکریان ساعد بەنەفشی دانیشتووی شاری سنە لەلایەن دادگای شۆڕشی ئەو شارەوە بە ١٨ مانگ زیندان مەحکووم کرا. دادگای شۆڕش تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی داوەتە پاڵ ئەم چالاکوانە کوردەوە.

هەروەها زاهید محەممەد زادە چالاکی مەدەنی خەڵکی قوڕوە کە زیاتر لە دوو مانگە لە بەندیخانەیەك لە شاری سنە دەستبەسەر کراوە، لەم دوایانەدا بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی رێژیم بە ٦ مانگ زیندان مەحکووم کرا.

لەلایەکی دیکەوە جەلال جەلالی زادە نوێنەری پێشووی شارەکانی سنە، کامیارانو دیواندەرە لەلایەن دادگایەك لە شارستانی ئاق قەڵای سەر بە پارێزگای گوڵستان لە باکووری ئێران ماوەی ساڵێکی زیندان بۆ بڕایەوە. دادگا جەلالیزادەی بەوە تاوانبار کردوە کە لە کۆبوونەوەیەکیدا بۆ دانیشتوانی سوننی مەزهەبی ئەو شارە پڕوپاگەندەی دژی نیزام کردوە. ..

٣

## پیلانگێڕی لە دژی هەرێمی کوردستانو هەڵوێستە جیاوازەکان ( * )

لەو کاتەوە کە فیدراڵیزم بە رەسمی هاتۆتە نێو قانوونی بنچینەیی (دەستوور)ی عێراقەوەو حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە رەسمی دانی پێدا نراوە، دوو دەوڵەتی ئێرانو تورکیە کە هەر کامەی بەشێکی گەورەتری خاکی کوردستانو حەشیمەتێکی زۆر زیاتری کوردیان لەژێر دەسەڵات دایە، بە رێگای جۆراوجۆردا خەریکی کارشکێنیو پیلانگێڕان بۆ پێشگیری لە سەرکەوتنی ئەزموونی باشووری کوردستانن. لە بەر چاوترین رێگاکانی ئەو پیلانگێڕییە تۆپ بارانو هێندێ جار بۆمبارانی ناوچە سنووری‌یەکانی باشووری کوردستان بە بیانووی بوونی چەکدارانی پەکەکەو پژاك لەو ناوچانە دایە. ئێستا بۆ دوومانگ دەچێ تۆپخانەی کۆماری ئیسلامی، رێژیمێك کە ریاکارانە لافی دۆستایەتی لەگەڵ کوردەکانی باشووری دەداو بە رواڵەت لە دوو شاری گەورەی هەرێم کونسولخانەی داناوە رۆژانە دەکرێ بڵێین گوندو مووچەومەزراو رەزەوباغاتی ئەو ناوچەیە ئاورباران دەکاو زەرەروزیانی گیانیو ماڵی بە خەڵکی بێتاوان دەگەیەنێ.

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەو ناوچانەی دەکەونە بەر ئاگری تۆبخانەی بە ناو ئەرتەشی ئیسلام!! نەك هەر بنکەوپێگەی پەکەکەو پژاکیان لێ نیە، بەڵکوو هاتوچۆی گریلاکانیشیان کەمتر بە سەردا هەیە. کەوایە، بۆ هەموو کەس روونە کە بیانووی بوونی پژاكوپەکەکە لە ناوچە سنووری‌یەکانی هەرێم تەنیا ئامرازێکە بۆ بەناو شەرعییەت بەخشین" بە شکاندنی حورمەتی خاکی وڵاتێکی سەر بە خۆو دراوسێو ئەندامی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو هەرێمێك کە بەپێی دەستوورو بە دەنگی ئازادی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئەو وڵاتە پێك هاتوە.

هەڵوێستی دوو دەوڵەتی تورکیەو ئێران کە ئەگەر جاران هەرکام بەتەنیا گێروگرفتی بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکرد، ئێستا هەوڵەکانیان یەك خستوە لە پێش چاوی هەموو دنیا دەستیان داوەتە هاوکاریی نیزامی بە دژی ئەزموونی باشووری کوردستان بە تەواوی قابیلی تێگەیشتنە. ئەوان لە سەقامگیربوونو چەسپانی ئەو ئەزموونە دا ئۆلگوویەك بۆ چەندین میلیۆن کوردی نێو چوارچێوەی وڵاتەکانیان دەبینو چونکە لە ماهییەتیشیان دا نیە دان بە بوونو مافەکانی ئەو دەیان میلیۆن ئینسانەدا بنێن دەیانهەوێ ئەزموونەکە تووشی شکانو ناکامی بکەنو ئەگەر بۆیان بکرێ رەوڕەوەی مێژوو بەرەو دوا بگێڕنەوە.

٢

## سەردانی شاندێکی کۆمەڵە ـ رەوتی چاکسازیو گەشە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



پێش نیوەڕۆی یەکشەممە ١٩ی جۆزەردانی ١٣٨٧ (٨ی ژوئەنی ٢٠٠٨) هەیئەتێك لە رێبەرایەتیی کۆمەڵە ـ رەوتی چاکسازیو گەشە بە سەرۆکایەتیی بەرێز رەزا کەعبی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لەلایەن هەیئەتێك لە رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاك کەماڵ کەریمی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی حیزب... ٣

## رێورەسمی پرسەو یادکردنەوەی تێکۆشەری دێرین مەلا خدر دۆلەگەرمی



کاتژمێر ١٠ ی پێش نیوەڕۆی یەکشەممە ٢٦ی جۆزەردان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رێوڕەسمێکی یادکردنەوە لە شۆڕشگێڕی دێرینو تازە کۆچ کردووی حیزب مەلا خدر عومەرزادە ناسراو بە "مەلا خدر دۆڵە گەرمی" بە بەشداریی سەدان کەس بەڕێوە چوو. لە سەرەتای رێوڕەسمەکەدا کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە وەکوو هاوڕێی دێرینی مەلا خدر وتارێکی لەسەر کەسایەتیو رۆڵی ناوبراو لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پێشکەش کرد.

مامۆستا حەسەن زادە وێڕای بەرز هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی شۆڕشگێڕانەی مەلا خدر، ئاماژەی بە لایەنی کۆمەڵایەتیی کەسایەتیی ناوبراو کردو گوتی: "هاورێ کاك مەلا خدر بەهۆی هێندێك تایبەتمەندییەوە زۆر زوو دەچووە ناودڵی خەڵکەوەو دەبوو بە خۆشەویستی هەمووان. هەر بۆیەش بە ئاسانی دەیتوانی سیاسەتی حیزب بباتە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە."

لە بەشێکی دیکە لە رێوڕەسمەکەدا تێکۆشەری دێرین کاك جەلیل گادانی بە نوێنەرایەتیی بنەماڵەی هاوڕێی کۆچ کردوو مەلا خدری دۆڵەگەرمی وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. کاك جەلیل وێڕای سوپاسو ...

٣

## رۆژئاوا بەستەی پێشنیاریی خۆی دا بە ئێران




پاش ئەوەی خاویەر سۆلانا رێکخەری کاروباری دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا بەستەی پێشنیاریی وڵاتانی ١ + ٥ ی لەسەر دەستهەڵگرتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پیتاندنی یورانیۆم دا بە بەرپرسانی ئەم رێژیمە، ئەوانی تووشی هەڵبژاردنێکی دژوار کرد.

لەلایەك کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بە سووربوونیان لەسەر درێژەپێدان بە پیتاندنی یورانیۆمو قەولی پاشگەز نەبوونەوە لەو مەسەلەیە بە بیروڕای گشتیو تەنانەت دانانی ئەو مەسەلەیە بە ئەرکێکی شەرعی، رێگەیەکی دژواریان لە پاشگەزبوونەوە خستۆتە بەردەم خۆیان.

لەلایەکی دیکەوە سووربوون لەسەر قەولو بەڵێنەکانیانو گوێنەدان بە فشاری رۆژئاوا، مەترسیی دیکە دەخاتە سەر داهاتووی رێژیمی کۆماری ئیسلامی.

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو خەباتی مەدەنی

عەبدوڵڵا بەهرامی

**پەرەگرتنی ئەم شێوازە لە خەبات یەکەم دەربازبوونە لەو شێوازە پڕ لە توندوتیژییانەی خەبات کە دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرو چەوسێنەرەکانی تاران بە سەر کوردیان دا سەپاند بوو و دووەم بە پاڵپشتێکی گەورەش بۆ شێوازەکانی دیکەی خەبات دەژمێردرێ و سێیەم یەکێك لە نیشانە هەرە زەق و بەر چاوەکانی گەشەی وشیاریی سیاسی، فەرهەنگی و نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە**



سەرەڕای ئەوەی کەشێکی داخراو و پڕ لە فشارو سەرکوت ئێستاکەش باڵی بە سەر فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا کێشاوە، دەتوانین بڵێین شێوازێك لە خەبات ئەمڕۆکە خەریکی جێگیربوونو گشتگیربوونە کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەو خەباتی مەدەنی دا پێناسە دەکرێ. ئەم شێوازە لە خەبات کە یەکێك لە هەرە پێشکەوتووانەترین شێوازەکانی خەباتە لە ئاکامی گەشەی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو وشیاریی نەتەوەیی دا سەری هەڵداوە. هەر بۆیەش دەبینین سەرەڕای ئەوەی چالاکڤانانی ئەم بوارە ڕۆژانە ڕووبەڕووی سەرکوتو فشاری دڕندانەی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم و تەنانەت قورسترین سزاکانو گیان بەخت کردنیش دەبنەوە، لەخەبات بەردەوامنو ئەم شێوازە لە خەبات هەروا لە پەرەگرتن دایە.

کورتە ئاوڕێك لە نێوەڕۆکی ئامانجو داخوازییەکانی چالاکانی ئەم بوارە بەروونی دەری دەخا کە ئەم شێوازە لە خەبات ئەگەرچی هەڵگری کۆمەڵێك داخوازی پیشەیی و سینفییە بەڵام ئامانجو داخوازە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەوەری سەرەکییدا خوازەکانی پێك دێنێ.

گرنگیی سەرهەڵدانو گەشەی ئەم شێوازە لە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کودستان لە لایەك بۆ کاریگەریی بەربڵاوی ئەم شێوازە لە خەباتو لەلایەکی دیکەشەوە بۆ نائامادەیی ئەم شێوازەی خەبات لە بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەم پارچەیەی کوردستان دەگەڕێتەوە. بۆیە لەم بارەیەوە بەکورتی دەتوانم بڵێم کە پەرەگرتنی ئەم شێوازە لە خەبات یەکەم دەربازبوونە لەو شێوازە پڕ لە توندوتیژییانەی خەبات کە دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرو چەوسێنەرەکانی تاران بە سەر کوردیان دا سەپاند بوو و دووەم بە پاڵپشتێکی گەورەش بۆ شێوازەکانی دیکەی خەبات دەژمێردرێ و سێیەم یەکێك لە نیشانە هەرە زەق و بەر چاوەکانی گەشەی وشیاریی سیاسی، فەرهەنگی و نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە.

پەرەگرتنی خەباتی مەدەنی ئەگەرچی بە خاڵێکی پۆزەتیڤی ئێستای خەباتی نەتەوەییو ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ بەڵام ئەم شێوازە لە خەبات بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە شێوازێکی گشتگیرو گۆڕانخولقێن پێویستە هەم لەلایەن تێکۆشەرانی ئەم بوارە هەمیش لەلایەن حیزبو ڕێکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانەوە گرنگیی زۆر زیاتری پێ بدرێو چەندی دەکرێ بەهێز بکرێ. چونکە بەهێز بوونی ئەم شێوازە لە خەبات بوارێکی لەبار بۆ خەباتی جەماوەری خۆش دەکا.

دیارە کە باس لە چاوەڕوانییەکانمان لەم خەباتە مەدەنییە ئەمڕۆکە لە گۆڕێ دایە دەکەین، ئەم دووخاڵە سەرەکییەشمان لەبەر چاوە: یەکەم ئەوە کە هەم لە ئاستی ئێرانو بە تایبەتییش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەك هەر هیچ دەرەتانێکی قانوونی بۆ تێکۆشانی مەدەنی نیە، بەڵکوو هەر وەك پێشتریش ئاماژەی پێ کرا چالاکانی ئەم مەیدانە لەگەڵ قورسترین گوشارەکانو بەربڵاوترین ئاستی سەرکوت دا بەرەوروون و دووەم ئەمە کە بەهۆی ئەم بارودۆخە نائاساییو ئەمنییەتییەی لە کوردستان دا زاڵ بووە، ئەزموونی ئەم شێوازە لە خەباتو چالاکی زۆر کەمە.

بە سەرنجدان بە کۆی ئەم شتانەی لە م بارەیەوە گوتران دەکرێ بێژین ئەگەر سەرهەڵدانی خەباتی مەدەنیو دەسکەوتەکانی بە دەسکەتێك بۆ خەباتی نەتەوەییو مافخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەژمێردرێن لە سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمیش هەرەشەیە لەچالاکانی ئەم بوارەو هەروەها ئەم دەسکەوتە. بۆیە پاراستنی ئەم شێوازەی خەباتو گەشەپێدانی بە واتای پاشەکشەی زیاتری ڕێژیمی ئیسلامیو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیەتی.

---

درێژی

## پیلانگێڕی لە دژی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستە جیاوازەکان

بەڵام ئەوەی ناڕوونو تەنانەت گوماناوییشە هەڵوێستی شلو شەوێقو تەنانەت خەمساردانەی دەوڵەتی عێراقە کە هەتا ئێرە نەك هەر دژکردەوەیەکی بەرانبەر بە پێشێلکردنی حاکمییەتی نیشتمانیی بەشێك لەوڵاتەکەی لە خۆی نیشان نەداوە، بەڵکوو نووسینی یادداشتێکی ئێعتیرازی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی بە پێویست نەزانیوە.

لەوانەش نامەفهوومتر بێدەنگیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە دەستدرێژیی نیزامی بۆ سەر وڵاتێکە کە نەك هەر بە هاوپەیمانو دۆستی ناو دەبا، بەڵکوو بە کردەوە لە ژێر دەسەڵاتی خۆی دایە. ئەگەر تورکیە بۆ ئەمریکا دۆستو هاوپەیمانێکی گرنگ و لە مێژینەیە کە نکووڵیی لێ ناکرێ،



خۆ کۆماری ئیسلامی ڕۆژانە تەپڵی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا لێ دەدا و هەڕەشەی لە نێو بردن لە نیزیکترین هاوپەیمانەکانی دەکا.

ڕەنگە هەم عێراقو هەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هیوا بن بەو سیاسەتە نەرمە بەرامبەر بەدەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بتوانن ڕێژیمی ئێران لەو پیلانگێڕییە بگێڕنەوەو حەز نەکەن بە خۆڕایی!! دەمڕاستەکانی ئەمڕۆی ئێران لەوە زیاتر ئاڵۆز بکەن. بەڵام ئەزموونی ئێمە لەگەڵ هەموو ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانو بەتایبەتی ڕێژیمی ئێستای ئێران پێمان دەڵێ کە ئەو بۆچوونە هەڵەیەو کۆماری ئیسلامی بەو بێهەڵوێستییەی عێراقو لەویش زیاتر، بە بێدەنگیی ئەمریکا چێرە گرتووتر دەبێ. لە مێژە گوتوویانە مست لە درێشەی دەگەڕێتەوە.

بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هەڕەشەیەكو تەنانەت وشیارکردنەوەیەکی جیددی لەلایەن ئەمریکاوە بە ئاسانی دەتوانێ پێشی هەرچەشنە ئاژاوەگێڕییەکی دارودەستەی خامەنەیی ـ ئەحمەدی نژاد بگرێ، هەروەك ساڵی ١٩٦٣ هەڕەشەیەکی یەکیەتیی شووڕەویی ئەوکات توانی پێشی نەخشەی پلێنگ بگرێ. ئارەزووی ئێمەش پێشگرتن بە ئاژاوەیە نەك هەڵگیرساندنی شەڕێکی تازە لەم ناوچە شەڕلێداوەدا.

وەگیراوە لە: kurd channel

---

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی کومەڵایەتی

خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!

حەوتوویەك لەمەوبەر بەهۆی کارێکی دزێوو دوور لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی، لەلایەن کەس یان کەسانێکی نەناسراو، سەر گڵکۆی شەهید عوسمان ڕەحیمی کە کەسایەتییەکی ناسراوی حیزبو بزووتنەوەی کوردستان بوو، شێوێندرابووو وینەی کاك عوسمان کە لەسەر گڵکۆکەی بوو دوای دڕاندنی، لە دەوروبەری گۆرستانی شەهیدانی حیزب فڕێ‌درا.

جگە لەوەی کە بڵێین ئەو جۆرە کەسانە ـ بە دڵنیاییەوە لە دوورەوە نەهاتوون ـ لە هەر چەشنە هەستو ئەخلاقێکی مرۆیی بێبەرین، شتێکی دیکە ناگوترێ.









بەڵام لەبەر ئەوەی شوێنی ئەو گۆرستانە کە بۆ پێشمەرگەکانو بنەماڵەکانی حیزب پیرۆزیی خۆی هەیە، لە چەند قەدەمیی بنکەیەکە کە هاورێیانی لایەنی بەرانبەرمان لێی بەرپرسنو بە بەردەوامی ئەو شوێنە نیگەهبانی لێ دەدرێ، حەق بوو چاوەڕوان بین کە ڕێگا بە ڕوودانی کارەساتێکی لەو بابەتە نەدرێ.

ئێستاش ئێمە لەگەڵ ئەوەی هیچ کەسو لایەنێکی تایبەت بە ئەنجام دانی ئەم کارە دزێوە موتتەهەم ناکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو گۆرستانە لەژێر چاوەدێری نیگەهبانەکانی هاورێیانی پێشووماندایە، لانی کەم چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە ئەو کردەوە ناشیرینە مەحکووم بکەنو ڕێگا نەدەن لە داهاتوودا شتی وا دووپات بێتەوە.

کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
٨٧/٣/٢٣

---

## هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ

# هەواڵەکان

## چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەماوەی دوو حەوتووی رابردوودا تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنی لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە ئاستێکی بەربڵاودا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردوە. ئەندامانی حیزب لە ڕۆژەکانی ١٧تا ١٩ی جۆزەردان لە شاری تاران تراکتو بڵاو کراوەی حیزبیان لە دەیان شەقامو مەیدانی ئەو شارە وەکوو شەقامی شەریعەتی، شەقامی سرووش، سەهەند، نەکیسا، عەباس ئاباد، مەیدانی تەختی، سەید خەندان، ئەندیشەی ٧، سابوونچیو... بڵاو کردەوە.

ـ لە شاری مەهاباد شەوی ١٤ی جۆزەردان بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەهید کرانی ٥٩ لاوی مەهابادی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە گەڕەکەکانی تەپەی قازی، دۆڵی کەرویشکە، شەست دەزگا، مەجبووریئاوا، شارەکی کارمەندان، گەڕەکی موکریان، ئازادەگان، گەرەکی فەرهەنگیان، دەورووبەری هوتێل کوێستانو ... چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد. بە پێی ئەو هەواڵانەی لە شاری بۆکانەوە بە ڕۆژنامەی " کوردستان" گەیشتوە شەوی ٢١ی جۆزەردان بەبۆنەی نزیکبوونەوەی ١٩یەمین ساڵوەگەڕی تیرۆر کرانی ڕێبەری مەزنی گەلی کورد شەهید دوکتور قاسملوو ئەندامانی حیزب لە زۆربەی گەڕەكو شەقامەکانی ئەو شارە لەوانە فەرهەنگیان، کولتەپە، کووی محەمەدیە، کووی فەرهەنگیان، کەڵهوڕئاوا، کانی باقر، شەقامی ٥٥، ئەبووزەڕ، شەقامی ئامووزشو پەروەرشو... تراکتو دروشمیان بڵاو کردەوە. هەروەها ئەندامانی حیزب شەوی ٢٣ی جۆزەردان هەر بەوبۆنەیەوە لە گوندەکانی ئاڵی کەند، تازەقەڵا، کوچك، وەتەمیشو.... سەر بە ناوچەی ئەحمەدی کۆڕی بۆکان بە بڵاو کردنەوەی تراکتو وێنەی شەهیدانو بڵاو کراوەی حیزبی چالاکییەکیان بەڕێوەبرد.

## ناڕەزایەتیی دەیان ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لە داخستنی ئەنجومەنی ژیاری کرماشان

٥٧ ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوێك داخستنی ئەنجومەنی ژیاری کرمانشانیان مەحکووم کردو خوازیاری هەڵوەشانەوەی حوکمی داخستنی ئەو ڕێکخراوەیە بوون.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ناوەندی چاك، ڕێکخراوی مافەکانی ژنی کورد، ڕێکخراوی کوردەکانی دانیشتووی تاران، ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد دیارترینی ئەو ڕێکخراوانەن کە ئەم ڕاگەیەنراوەیان واژۆ کردوە.

لە بەشێك لەو ڕاگەیەنراوەدا هاتوە: "ئێمە بە واژۆکردنی ئەم ڕاگەیەنراوە ناڕەزایەتیی خۆمان بەو شێوە هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو داخستنی نایاسایی ئەنجومەنی ژیار دەردەبڕین کە لە ماوەی ٥ ساڵ چالاکیی خۆی دا کاری بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنیو بڵاوکردنەوەی گوتاری بەرابەری خوازیی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێرانو ژنان کردوە"

شایانی باسە ڕێکخراوی ژیار نزیك بە دوو حەوتوو لەمەوبەر بە دەستووری بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیی لاوانی ئێران بە تۆمەتی ئەو شتەی کە ئەو پێی دەڵێ: "تێکەڵ بوون بە دنیای سیاسەت" داخرا. ئەنجومەنی ژیار لە ٥ ساڵی ڕابردوودا لە چالاکترین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کرماشان بووە کە لە لایەن کۆمەڵێك لاوی ئەو شارەوە بەڕێوە دەچوو.

## جاشو بەسیجییەکان خۆیان بۆ بەرگری کردن لە هەر چەشنە چالاکییەك بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ئامادە دەکەن

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بە "کوردستان"ی ڕاگەیاند، کۆماری ئیسلامی لە شاری بۆکان هەموو جاشو بەسیجییەکانی ڕاسپاردوە کە لە ٥ ڕۆژ پێش ساڵرۆژی شەهید کرانی دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوەدێریی تەواوی کوچەو گەڕەکەکانی شارو گوندەکان بکەنو بەر بە هەر چەشنە جموجۆڵو چالاکییەك بگرن. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ شەوانە بە کووچەو کۆڵانەکانی نێو شاردا بگەڕێنو هەر چەشنە جموجۆڵێکی بخەنە ژێر چاوەدێرییەوە. هەروەها بەم هێزانە ڕاسپێردراوە کە شەوانە بە تراکتۆر هاتوچۆی گوندەکان بکەن.

ئەو سەرچاوەیە پێی ڕاگەیاندین کە ڕێژیم ترسی ئەوەی لێ نیشتوە کە خۆپیشاندانە بە شکۆکەی هاوینی ١٣٨٤ی هەتاوی لە شارەکانی کوردستان لە ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا بەڕێوە چووە، دووپات بێتەوە.

## کۆماری ئیسلامی هانی ئازەرییەکان بۆ کڕینی زەویو زاری کوردان دەدا

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی میاندواو بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراوو بە پێدانی وامو پارە هانی ئازەرییەکان دەدا کە زەویو زاری کوردان بکڕن.

هەروەها لە لایەکی دیکەوە بە پێی زانیارییەکان لە چەند حەوتووی ڕابردوودا لە گوندەکانی "عەسکەر ئاوا"و "شیناوە" تەماحیان وەبەر هەندێك لە کوردان ناوەکە زەوییەکانی خۆیان بفرۆشن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە میاندواو کە بۆ خۆی ئازەری زمانە پێی ڕاگەیاندین کە لە کۆتاییەکانی مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵ لە فەرمانداری میاندواو چەند کۆبوونەوە بە بەشداری فەرماندارو بەرپرسانی ئیدارەی ئیتلاعاتو هەروەها چەند بەرپرسێکی دەستڕۆیشتووی دیکەی ئەو شارە بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوە چووەو پیلانی بە تورك کردنی ناوچەکانی دەورووبەری میاندواوییان داڕشتووە.

سەرچاوەکە هەروەها پێی ڕاگەیاندین کە بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکە وشکەساڵی ئەمساڵیان وەکوو دەرفەتێکی زێرین داناوە چوونکە بە هۆی نەبوونی داهاتەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە کوردان بە پارەیەکی زۆر تەماحیان وەبەر بکەوێو بەرەو شارەکانی مهابادو بۆکان کۆچ بکەنو هەروەها تەرخان کردنی ئاوی بەنداوی "نەورۆز لوو" بۆ شاری تەورێزو ناوچە ئازەرییەکانو بێبەش کردنی ناوچە کورد نشینەکان بەشێکە لەم پیلانە.

سەرچاوەکە لە درێژەدا وتی: کاربەدەستانی پایە بەرزی حکوومەتی لە تارانو ورمێ ڕەزامەندی خۆیان لە سەر جێبەجێ کردنی پیلانەکە دەربڕیوەو تەنانەت پێدەچێ بوودجەی تایبەتیشیان بۆ بڕیبێتەوە. ئەگەر چی من ئاگاداری تەرخان کردنی بوودجە لە تارانو ورمێ نیم، بەڵام بەدڵنیاییەوە کڕینی ئەو پارچە زەوییانە لە "عەسکەر ئاوا"و "شیناوە" دەسپێکی جێبەجێ کردنی ئەم پیلانەیە.

درێژەی لاپەڕی ١

## ڕیوڕەسمی یادکردنەوە لە مەلا خدری دۆڵەگەرمی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدك

پێزانین بۆ بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە، سوپاسی تایبەتیی لە کوردانی وڵاتانی سکاندیناوی کرد کە بەگەرمی لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی کاك مەلا خدر دا بەشدارییان کردوە.

جەلیل گادانی لە بەشێکی دیکە لە وتەکانی دا کەسایەتیی مەلا خدری بە نموونەیی وەسف کردو ئەوی بە یەکێك لە دڵسۆزترینو سادق ترین ئەندامانی حیزب ناودێر کرد کە ئەو لە تەمەنی حیزبایەتیی خۆیدا ناسیبێتیو گوتی: تا ئێستاش کەس نەیتوانیوە قامك لەسەر لاوازییەك لە کەسایەتیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کاك مەلا خدر دابنێ.

## یادی شەهیدکرانی شێخ مەعشووق خەزنەوی لە سویس بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ٢٠٠٨/٦/١ ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی کەسایەتیی مەزنی ڕۆژئاوای کوردستان دوکتور شێخ مەعشووق خەزنەوی لە سوئیس بەرز ڕاگیرا، لە ڕێورەسمێك دا کە بەبۆنەی سێهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی شێخ مەعشووق لەلایەن چەند حیزبو ڕێکخراوی ڕۆژئاوای کوردستانەوە لە شاری بێرن پێتەختی سوئیس بەڕێوە چوو، عەزیز ئەحمەدی بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئیس هاوڕێ لەگەڵ ساڵح محەممەدپوور ئەندامی کومیتەی حیزب بەشدار بوونو



پەیامی حیزبیان بەم بۆنەوە پێشکەش کرد. لە پەیامەکەی کومیتەی سوئیس دا وێڕای ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهید شێخ مەعشووقو مەحکووم کرانی ئەو تاوانە لەلایەن ڕێژیمی بەعسی سووریاوە جەخت لەسەر پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان کرابۆوە.

لە کۆڕیادەکەدا چەندین وتاری سیاسیو پەیامو هەڵبەستو بابەتی جۆراوجۆری ئەدەبی پێشکەش کرا.

شایانی باسە شەهید دوکتور شێخ مەعشووق خەزنەوی کەسایەتییەکی ئایینیی ناودارو خۆشەویستی ڕۆژئاوای کوردستان بوو کە شێلگیرانە لە وتارو نووسراوەکانیدا داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد دەکردو سەرەنجام بەهۆی داکۆکی لە مافەکانی گەلی کوردو ناڕەزایەتی دەربڕین لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی بەعسی سووریا سێ ساڵ لەمەوبەر تیرۆر کرا.

## دەورەی ١٨٣ی ڕاهێنانی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێ هات

دەورەی ١٨٣ی ڕاهێنانی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێ هات ڕۆژی دووشەمە ٢٠ی جۆزەردان، جەژنی کۆتایی دەورەی ١٨٣ی سەرەتایی فێرگەی سیاسی ــ نیزامی حدك بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی، کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی کەمپەکانی حیزبی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای جێژنەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکردو پاش نواندنی ڕێژەی بەشداران، بەشی دوویەمی ڕێوڕەسمەکە لە ساڵونی کۆبوونەوەکان درێژەی کێشا.

دوایی پیرۆزبایی لە بەشدارانو بەخێر هێنانی ئامادەبووانی جەژنەکە برایم چووکەڵی بەرپرسی فێرگەی





سیاسی ـ نیزامی وتارێکی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد. ناوبراو وێڕای ئاماژە بە ڕۆڵی پێشمەرگە لە خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد، جەختی لە سەر گرینگی ڕاهێنانی پێشمەرگە کردەوەو وتی: حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بە شێوەیەکی پلانمەند هەوڵ بۆ ڕاهێنانی پێشمەرگە بداو لەم بوارەدا دەبێ پێشمەرگە بە تکنیكو زانستی سەردەم ئاشنا بکا.

بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی پارچە شێعرێك لەلایەن بەشداربوویەکی دەورەوە بە ناوی سەلاح حاجی مامیانی، خوێندنەوەی ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگەی سیاسی ــ نیزامی لەلایەن جەعفەر ڕەسووڵپوور، پارچە شێعرێك لەلایەن ڕەسووڵ سوڵتانی، پەیامی بەشدارانی دەورە لەلایەن سیروان ئەحمەدییەوە درێژەی کێشا.

ڕێوڕەسمەکە بە بەخشینی خەڵات بەسەر ئەو بەشداربووانەی کە ڕێژەی نومرەکانیان بەرز بوو و هەروەها چەند کەسێك وەك بەڕەوشترینو بە دیسیپلین ترین بەشدار بوو، کۆتایی هات.

درێژەی لاپەڕی١

## سەردانی شاندێکی کۆمەڵە ــ ڕەوتی چاکسازیو گەشە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدك

پێشوازیی لێ کرا. لە دانیشتنێکی چەند ساعەتیدا کە تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتو کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کوردستان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەش تێیدا بەشدار بوو سەردانی شاندێکی کۆمەڵە ــ ڕەوتی چاکسازیو گەشە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حدك

سکرتێری گشتی حیزب پێشوازیی لێ کرا. لە دانیشتنێکی چەند سەعاتیدا کە تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتو کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کوردستان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەش تێیدا بەشدار بوو، هەر دوو هەیئەت هەلومەرجی سیاسیی ئێرانو کوردستانو تازەترین ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیان هێنایە بەر باسو بۆچوون و لێکدانەوەی خۆیان لەم پێوەندییەدا دەر بڕی. لە تەوەرێکی دیکەی دانیشتنی دۆستانەی هەر دوو هەیئەتدا پێوەندیی نێوان هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە بەر باس. لەم بارەیەوە هەر دوولا هەوڵدان بۆ سالمسازیی فەزای زاڵ بەسەر پێوەندیی ئەو ڕێکخراوانەدا و سڕینەوەی گرژیو ڕاگرتنی هێرشی تەبلیغاتی لە دژی لایەنە ناکۆکەکانیان بە کارێکی پێویست و ڕێخۆشکەری هاوکاریی نێوان لایەنەکان زانی. هەر دوولا بەخۆداچوونەوەی ڕەخنەگرانەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکتر تەحەممول کردن و هاوکاری و هاوخەباتیی ئەوانیان بە یەکێك لە مەرجەکانی گوڕو تینبەخشین بە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو برد و ڕایانگەیاند هەوڵەکانیان لەم پێوەندییەدا زیاتر بکەن.

درێژەی لاپەرەی ١

## گوشار بۆ سەر چالاکانی مەدەنی. ..

لە شاری دێولانیشەوە هەواڵنێری "کوردستان" پێی ڕاگەیاندین کە نزیك دوو حەوتوو لەمەوبەر مامۆستایەکی قوتابخانەکانی ئەو شارە بەناوی حوسێن سەیدی لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە بە هەمان تۆمەتی باوی پڕوپاگەندە دژی ڕێژیم دەسبەسەر کراوە. دەوترێ ناوبراو پاش شەش ڕۆژ بە دانانی زەمانەت ئازاد دەکرێ.

لەلایەکی دیکەوە هەرلەو ماوەیەدا چالاکێکی فەرهەنگیو لێکۆڵەرێکی دانیشتووی کرماشان بەناوی حەسەن سەرداری لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری نەغەدە دەسبەسەر کرا. دەوترێ ناوبراو بۆ کاری لێکۆڵینەوە سەردانی نەغەدەی کردبوو. سەرەڕای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژ بەسەر دەسبەسەر کرانی ناوبراودا تا ئێستا بەرپرسە پێوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ لێدوانێکیان سەبارەت بە هۆکاری دەسبەسەرکانی ئەو لێکۆڵەرە کوردە نەداوە. حەسەن سەرداری تا ئێستا چەندین وتاری زانستیی لەسەر ئوستوورە ناسی، ئەدەبو فۆلکلۆری کوردو هەروەها ئایینی یارسان بڵاو کردۆتەوە.

ئیتلاعاتییەکان هەڵدەکوتنەماڵیانو دەست بەسەر کۆمەڵێك کتێبو ناسنامەکەیو کەلو پەلی شەخسی ئەودا دەگرن. بنەماڵەی بەشیر ڕۆستەمی ڕایانگەیاندوە کە پاش دەسبەسەر کرانی کوڕەکەیان چەندین جار سەردانی لایەنە پێوەندیدارەکانیان کردوە، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوەو تەنانەت شوێنی دەسبەسەر کرانەکەشیان پێ ڕانەگەیاندوون.

هەروەها بەپێی هەواڵێك کە ماڵپەڕی "کوردستانو کورد" بڵاوی کردۆتەوە چالاکێکی کورد بەناوی بەشیر ڕۆستەمی هەر لەو ماوەیەدا لە شوێنی کارەکەی خۆی لە شاری سنە دەسبەسەرو بەرەو شوێنێکی نادیار ڕەوانە کراوە. ناوبراو کە خەڵکی گوندی "هوویەی" ناوچەی ژاوەرۆی مەریوانە چەند ڕۆژ بەر لە دەسبەسەر کرانەکەی، هێزە ئیتلاعاتییەکان هەڵدەکوتنە ماڵیانو دەست بەسەر کۆمەڵێك کتێبو ناسنامەکەیو کەلو پەلی شەخسی ئەودا دەگرن. بنەماڵەی بەشیر ڕۆستەمی ڕایانگەیاندوە کە پاش دەسبەسەر کرانی کوڕەکەیان چەندین جار سەردانی لایەنە پێوەندیدارەکانیان کردوە، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوەو تەنانەت شوێنی دەسبەسەر کرانەکەشیان پێ ڕانەگەیاندوون.

# هەڵبژاردەیەك لەو پەیامانەی بۆ کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتوون

بەشی دووهەم

## پەیامی حیزبی شیوعیی کوردستان

بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
سڵاوی تێکۆشان

هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بە ئاوات دەخوازین، لە پێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان، ئومێدەوارین وەك وێستگەیەکی خەبات بە بڕیارو ڕاسپاردەی گرنگ کۆتایی بە کارەکانتان بهێنن.

بەڕێزان!

ئومێد دەکەین، ئەم کۆنگرەیەتان کە هەموو لایەکمان لە چاوەڕوانی ئەوە داین، بە هەماهەنگیو کاری ناوکۆیی هەموو وزەو تواناکانتان بە ئاقاری بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بڕوات لە پێناو یەکگرتنەوەو یەکخستنی ریزەکانتان بۆ قووڵکردنەوەی زیاتری پرۆسەی دێموکراسیو یەکتر قبووڵ کردنو پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراسیی بەرفراوان لە نێوان حیزبە نیشتمانیو دێموکراسییەکان لە ئێران، کە لە سایەیدا گەلی کوردستان بە مافە ڕەواکانی شاد بێت.

دووبارە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی ئەندامانی کۆنگرەکەتان دەکەین
بە هیوای سەرکەوتن

**حیزبی شیوعیی کوردستان**
**۲۰۰۸/۱/۱۲**

## پەیامی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ کۆنگرەی ۱٤

بۆ بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
ئەندامانو بەشداربووانی ۱٤هەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
سڵاوێکی گەرم

بە بۆنەی بەستنی ۱٤هەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، بە ناوی خۆمانو هاوڕێیانمان لە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەینو ئومێدی سەرکەوتنتان لە سەرخستنی ئەرکەکانی کۆنگرەکەدا بۆ دەخوازین.

بەستنی ۱٤هەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەشتان بە دەرفەت دەزانین کە وەك هەمیشە لە سەر پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستانەو دێرینی نێوانمان جەخت بکەینەوە.
پیرۆزباییان دووبارە دەکەینەوە، هەر سەرکەوتووبن لە کارەکانتاندا.

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**۲۰۰۷/۱۱/۱۰**

## پەیامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان

بۆ کۆنگرەی چواردەمینی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران
سڵاوی سەرخۆبوونو ئازادی...

بە بۆنەی بەستنی چواردەمین کۆنگرەی حیزبتان (حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران) بە ناوی خۆمانو تەواوی ئەندامو لایەنگرانی یەکێتیمان YNDK، پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەتان لێ دەکەینو، خوازیارین کۆنگرەکەتان سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران لە گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا خاوەن پێگەیەکی جەماوەری ـ سیاسیی بێهاوتایەو لە یەکلایی کردنەوەی پرسەکان رۆڵی کاریگەری دەبێت، بۆیە دەبێت بە هەموو توانایەکی هەوڵ بدات هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە یەکتر نزیك بکاتەوە بۆ پێکهێنانی چەترێکی یەکگرتوو بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ئەم قۆناغەی کارو خەباتی نەتەوکەمان لەم بەشەی وڵات دا.

بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا روو دەدەنو ئەم لاسارییانەی رژێمی ئێران بەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەیکات، بە زووترین کات لە شوێنێکی گونجاودا لە ناوەوەی وڵات کۆنگرەیەکی نەتەوەیی تایبەت بە تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریی تەواوی پارتو لایەنەکانو کەسایەتی پسپۆڕو رووناکبیرو سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکرێو بەرنامەیەکی یەکگرتووی تۆکمە بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەو دانانی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ کارو خەباتی داهاتووی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا دابنرێت.... لە گەڵ رێزماندا.

**هەر بژینو سەرکەوتوو بن**
**بۆ کوردو کوردستان.**
**مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان**
**YNDK**

## پەیامی مەکتەبی سیاسیی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستان

سەرەتا بەستنی کۆنگرەکەتان بە ناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەین. هیواداریین ئەم کۆنگرەیە ببێتە مایەی زیاتر بەرەوپێشچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناو بەدیهێنانی مافەرەواکانی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

زۆر بە داخەوە کەوا لە ماوەی رابردوودا پەتای دوولەت بوون حیزبی دێموکراتیشی گرتەوە بەڵام هیواداریین ئەم گرفتە کاتی بێتو هەرچی زووە حزبە شۆڕشگێرەکەتان بە یەکگرتوویی بێتەوە کۆڕی تێکۆشانو درێژە بە خەباتی خۆی بدات.

هەر بژینو بەرەو پێشەوە

**مەکتەبی سیاسیی پارتی پارێزگارانی دێموکراتی کوردستان**
**۲۰۰۸/۱/۸**

## پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بەڕێز: دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان!
بەڕێزان ئەندامانی کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

وەك ئاشکرایە جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تووشی لێك ترازانو شێواویی مەترسیدار بووە. ئەوەش لە کاتێك دایە کە کێشەی کورد لە کێشەیەکی ناوچەییەوە بۆتە کێشەیەکی جیهانیو بۆتە پرسو خەمێکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لە هەلومەرجێکی ئاوادا هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ وەخۆ کەونو بتوانن کەڵك لەو وەزعە تایبەتە بە قازانجی گەلەکەمان وەرگرن.

لەگەڵ هومێد بە سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان

**سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**۱ی خەزەڵوەری ۱۳۸٦ کۆچی خۆری**

## پەیامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کرێکارانو رەنجدەرانی کوردستان

سڵاوێکی گەرم.....

خۆشحاڵین بەڕێزتان وەك خەڵکانێکی ماندوونەناسو تێکۆشەرانی گەلەکەمان لەم ساتەوەختەدا خەریکی بەستنی کۆنگرەی حزبن بۆ زیاتر خۆڕێکخستنو خۆئامادە کردن لە پێناو هەرچی زیاتر بەرەودان بە خەباتو تێکۆشان... بەم بۆنەیەوە ئێمە لە پارتی کرێکارانو رەنجدەرانی کوردستان پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی حزبتان لێ دەکەینو بەو هیوایەین سەرکەوتوو بن.

پێمان وایە هەلومەرجی سیاسی لەم قۆناغەدا ئەوە دەخوازیت لەسەر ئاستی نەتەوەیی سەرجەم هێزو لایەنە سیاسییەکان لە چوارچێوەیەکدا کۆ ببنەوە بۆ پشتیوانی کردن لە خەباتو تێکۆشانی گەلەکەمان لە هەر پارچەیەکی دابەشکراوی کوردستانو رووبەڕوو بوونەوەی هەر پیلانو هەڕەشەیەك کە ببێتە مایەی دروست کردنی کۆسپو تەگەرە لە پێش بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەییمان.

دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەینو ئومیدەوارین کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتوویيو بە گەیشتن بە بڕیاری دروست کارەکانی ئەنجام بدات. ئێمە بەم بۆنەیەوە پەیوەندیی دۆستانەی خۆمان لەگەڵ بەڕێزتان دووپات دەکەینەوەو ئاواتەخوازین پەیوەندییەکانمان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییمان زیاتر پێش بکەوێت.

**لەگەڵ رێزماندا**
**مەکتەبی سیاسیی**
**پارتی کرێکارانو رەنجدەرانی کوردستان**

## پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان

بەڕێز: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران سڵاوێکی برایانەی گەرم!
دۆستانی بەرێز!

حیزبی ئێمە لە بەر دەربەستیی بۆ بەرژەوندییە باڵاکانی نەتەوەی کوردو ئەو بایەخانەی کە بۆ خەباتی تێکۆشەرانی دێموکراتی داناوەو ئەو پێوەندییە باشەی کە لە نێوانمان دا هەبووە، بە داخو کەسەرەوە لە بەرانبەر رووداوی لێك جیابوونەوەی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە لە یەکتر بووە.

ئاواتەخوازین کۆنگرەکەتان ئەرکەکانی بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەنێو بڕیارەکانی بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان شوێندار بێ!

لەم دەرفەتە کەڵك وەردەگرین بۆ ئەوەی لە سەر پەرەپێدانی پێوەندیی دۆستانەی نێوانمان پێ داگرینەوە.

**بەرێزەوە**
**پارتی ئازادیی کوردستان**
**کومیتەی ناوەندی**
**۹ی بەفرانباری ۲۷۰۷**
**۳۰ دیسامبری ۲۰۰۷**

## پەیامی بەڕێز عەلی حاجی سکرتێری گشتیی پارتی کۆماری کوردستان

**بەرێز: کاك عبداللە حسن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان . ئێران**
بەرێزان لە: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
سڵاوی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

بە بۆنەی تەواو بوونی کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، بەناوی خۆمو مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆماری کوردستان گەرمترین سڵاوو رێزی پیرۆزبایی ئاراستەی بەرێزتانو سەرجەم ئەندامانی تازە هەڵبژێردراوی کومیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران بە تایبەتیو ئەندامو دۆستو جەماوەریو پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی دێموکرات بەگشتی دەکەین، بەو ئومێدەین کۆنگرەکەتان وەرچەرخانێکی نوێو زیاترو گڕو تینێکی شۆڕشگێڕانە بە حیزبە تێکۆشەرەکەتان بدات لە پێناو خزمەتکردنو بەرەو پێشەوە بردنی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان. لە کۆتاییدا پیرۆزباییم قبووڵ بکەن.

بەرەو پێشەوە بچێت پەیوەندیی هاوخەباتیانەی (پارتی کۆماری کوردستان)و (حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران)

**براتان : عەلی حاجی سکرتێری گشتیی پارتی کۆماری کوردستان**
**۲۰۰۸/۳/۱۸زایینی**

# بڕووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# پێشکەوتنی مێژوویی زمانی کوردیو هێندێك تایبەتمەندیی سروشتی ئەم زمانە

(٣-٢) *

فاخیر پێنهانی

**بە لە بەرچاوگرتنی هەمووی ئەم کەمو کوڕییانە کە ئێمە وەك کورد بە گشتی بە دەستیانەوە دەناڵێنین، زانیاریو ئاگاداریی زانستیی ئێمە لەسەر زمانی کوردی زۆر کەمو کورتەو هەرکات دەمانهەوێ سەبارەت بە مێژووی زمانو وێژەی کوردی بنووسینو دەستمان بە باوەڕێکی زانستیی گیربێ، پەنا دەبەینە بەر سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کەسانی بیانی**

**ئەم وتارە لە گۆڤاری "لیکۆلین" سەر بە ئەنیستیتۆی کورد لە ئاڵمان بە زاراوەی کورمانجی ژورووو بە پیتی لاتینی لە لایەن دوکتور زەردەشت حاجۆوە نووسراوەو پێم باش بوو بۆ ساز کردنی پێوەندی لە نێوان دوو زاراوەی سەرەکیی زمانی کوردیو لێك تێگەیشتنی زیاتر، ئەم وتارە بە کورمانجی سۆرانی بخرێتە بەر دیدەی خوێنەرانو لە راستیو ناراستیو بیرو بۆچوونەکانی ئەم وتارە نووسەر بەرپرسەو ئێتر تەنیا بووینەتە ئامرازی گواستنەوەو وەرگێران.**

ناوێکی دیکە کە بۆ ئەم زاراوەیە بەکار دەبرێ، "دملی" یان "دوملی"یە کە ئەویش چەوتو ناڕاستە، چونکە دملی ناوی هۆزو عەشیرەتێکی کوردە، نەك زاراوەیەکی کوردی. ئەوجا هەر بەوەندەش نەوەستاون، هێندێك کەسو نووسەر کە وشەی "زازا" بەلایانەوە چەوتو ناڕاستە، وشەی " کوردکی" بۆ ئەم زاراوەیە بەکار دێنن.

دیارە وشەی "کوردکی"یش بنەمایەکی مێژوویی نیە، بەڵکوو هێندێك نووسەرو زمانزانی کورد، بۆ خۆ رزگار کردن لە دەستی وشەی "زازاکی" ئەم وشەیان داتاشیوەو بەکاری دێنن.

بە لەبەر چاوگرتنی تەواوی ئەم کۆسپانەو وشە ناڕاستانە من بە باشی دەزانم کە ئێمە، کورد لە کاتی نووسینو ئاخافتن دا خۆ لە دەست وشەی "زازا"و "دملی"و "کوردکی" رزگار بکەینو لە شوێن ئەوان دا، وشەی "کرمانجی" بۆ ئەم زاراوەیە بەکار بێنین.

لەمەودوا هەر کاتێ وشەی "کورمانجی" بەکار دێنن مەبەستمان هەموو زاراوەی زمانی کوردی یان بە واتایەکیتر، مەبەستمان زمانی کوردیە وەك، کورمانجیی ژوورو (باکور) کورمانجیی ناوین، کورمانجیی ژێرینو کرمانجیو گۆرانیو هەر کاتێ دەبێژین کرمانجی، مەبەستمان ئەو زاراوەیەیە کە هەتا ئێستاش بە چەوتی " زازاکیو دملیو کوردکی"ی پێ دەگوترێ.

دیارە هەتا ئەم راستییە لە نێو هەموو کوردانداندا جێ دەگرێ کات دەباتو پێویستە کوردەکانی (باشوورو رۆژهەڵاتیش) کە هەتا ئێستاش تەنیا بە کوردی باکوورو رۆژئاوا (تورکیەو سووریە) دەڵێن کرمانج، جیاوازیی نێوان "کورمانجی" وەك زمانی کوردی بە گشتیو "کرمانجی" وەك زاراوەیەکی کوردی هەست پێبکەنو خۆیان لە رای ئێمە نزیك بکەنەوە.

زاراوەی کرمانجی خۆی بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبێ:

١ـ بن زاراوەی دەرسیم (کرمانجیی رۆژئاوا)

٢ـ بن زاراوەی بینگۆل (کرمانجیی رۆژهەڵات)

بە گشتی نزیکەی ٣ میلیون کورد لە باکووری کوردستان لەو مەڵبەندانەی خوارەوە بە زاراوەی کرمانجی (زازا) دەپەیڤن:

دەرسیم، بینگۆل، ئەل ئەزیز، خارپوت، ماندین، پالۆ، دەوروبەری ئامەدو سوێرەکێ.

شتێکی سەرنج راکێش ئەوەیە کە هەر چەند مەڵبەندو شوێنی زاراوەی کرمانجی (زازاکی)و گۆرانی (هەورامی) لە باکوورو باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان گەلێك لێك دوورن، بەڵام نزکایەتیو وێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا دەبیندرێ.

ئەوەش دەتوانین بۆ ئەوە بگەڕێنینەوەو وای لێك دەینەوە کە بە ئاخێوەرانی ئەم دوو زاراوەیە ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا پێکەوەو لە یەك شوێن نیشتەجێ بووبن، بەڵام بەهۆی بەسەرهاتو کارەساتە مێژووییە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستان لێك دابڕابنو یانیش بەشێك لەو کوردو عەشیرەتانە بە خواستی خۆیان بۆ مەڵبەندێکیتر کۆچیان کردبێ.

سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستای ئەدەبیاتی نووسراوی زاراوەی کرمانجی (زازاکی) دەتوانین بڵێین تێکۆشانو بەرەوپێش چوونێکی باش بەدی دەکرێ.

نووسەری کرمانج (زازا) پێشتر بە گشتی بەرهەمو نووسراوەکانیان بە زمانی کورمانجیی ژوورو (باکوور) دەنووسی، بەڵام ئێستا ئاوڕێکیان لە زاراوەی خۆیان داوەتەوەو خەریکی نووسینو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم زاراوەیەن.

ئەوەش بۆخۆی جێگای شانازیو پێزانینە، چونکە دەبێتە هۆی بەرەو پێش بردنو پاراستنی زاراوەیەکی کۆنی کوردی کە بەرەو لە نێوچوون دەچوو، رزگار کردنو بەرەوپێش بردنی ئەم زاراوەیەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندتر بوونی زمانی نەتەوەیی کوردی.

## گۆرانی (هەورامی)

زاراوەی گۆرانی لە ناوچەکانی هەورامان، زەنگەنەو کەرکووك درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. هەروەها کوردەکانی کاکەییش بەم زاراوەیە دەئاخێون.

زاراوەی گۆرانی پێشتر وەکوو زمانی ئەدەبیی کوردی دەناسرا ئەم زاراوەیە سەردەمێك وەکوو زمانێکی پێشکەوتووی نووسراو، لەلایەن میرانی ئەردەڵانو تەنانەت میرانی بابانیش بەکار دەهاتو زۆر شاعیری بەناوبانگی کورد وەك، خانای قوبادیو مەولەویو بێسارانی ـ بەم زاراوەیە شێعرو دیوانیان جێ هێشتوە.

## بەرەوپێشچوونی مێژوویی زمانی کوردی

الف) بناخەو بنەمای زمانی کوردی هەر وەك پێشتریش باسمان کرد، ئەگەر ئەم سێ پارێزگایەی باشووری کوردستان (هەولێرو سلێمانیو دهۆك)ی لێ دەرکەین ـ هەرچەند ئەوانیش هەتا ئێستا سەقامگیریو متمانەیەکی تەواویان لە باری سیاسییەوە وەدەس نەهێناوە ـ زمانی کوردی بە گشتی بێخاوەنو بێدەوڵەتە.

لە لایەکیترەوە هیچ کات لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکانی وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا نیە کە رێگە بدەن، لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی چڕوپڕ دەربارەی زمانی کوردی بکرێ.

تازە بەوەش رازی نابن، لە رێگەی هاوپەیمانەتیی ئەم وڵاتانە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەکیو بە هۆی بوونی بەرژەوەندیی ئابووری جەختو فشار دەخەنە وڵاتانی

تەنانەت ئەگەر لە ئورووپا یان هێندێك وڵاتانیتر کەسانێك وەکوو خولیاو حەزێکی تاکەکەسییش بخوازن لە سەر زمانو فەرهەنگی کوردان لێکۆڵینەوە بکەن لە لایەن دەوڵەتو کاربەدەستانی خۆیان تووشی زۆر گرفتو بایەخ پێنەدان دەبنەوە.

ئەو کەسانە لە زانکۆکان بۆ بەرەوپێشبردنی پڕۆژەکانیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆکان تووشی گیروگرفت دێن، چونکە سەرۆکی زانکۆش راستەوخۆ پێوەندیی بە وەزارەتی پەروەردە یان لێکۆڵینەوەی زانستییەوە هەیەو ئیمکانو پارەو پشتیوانی کردن بۆ



بیانییش بۆ ئەوەی رێگا بە بەرەوپێشچوونی زمانو فەرهەنگی کوردی لە وڵاتانیتریش بگرنو بەو شێوەیە زمانو کولتووری ئێمە بەرەو نابوودیو نەمان بەرن.

هەتا ئەو جێگایەی ئەم رێژیمە داگیرکەرانە بۆیان دەس بدات دەبنە لەمپەرێك لە بەردەم دامەزراندنی بەشی کوردیناسی (kurdo logi) لە زانکۆکانی ئەم وڵاتانەو لەم بوارەش دا هەرچی لە دەستیان بێ درێغی ناکەن.

زۆرجار دەسەڵاتدارانی وڵاتێك (بە تایبەتی لە ئورووپا) دەیانهەوێ بەشێکی کوردیناسی لە زانکۆکانیان دابمەزرێنن، بەڵام دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، ناڕەزایەتی دەردەبڕنو وای دادەنێن کە ئەم وڵاتانەی رێگە بە بەرەو پێش چوونی زمانو کولتووری کوردی دەدەن، دەستیان خستۆتە نێو کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاتانەو ئەوەش بە پێی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان شتێکی نائاساییو قەدەغەیە.

هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە کە هەتا ئێستاش نە لە نێوخۆی کوردستان (لە تورکیەو ئێرانو سووریە)و نە لە دەرەوەی وڵات، لێکۆڵینەوەو خەباتێکی زانستیی چڕوپڕ بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی نەکراوە.

هەر پرۆژەیەك لەلایەن حکوومەتەکانەوە دابین دەکرێو بڕیاری هەبوونو نەبوونی، بۆ وێنە (زمانو کولتووری کوردی) لە فلان زانکۆ لە لایەن حکوومەتەوە دەردەچێو ئەوانیش قازانجو بەرژەوەندیی وڵاتی خۆیان بە لاوە زۆر لە بەرەو پێش چوونو بوژانەوەی زمانی کوردی گرینگترە. لە لایەکی تریشەوە، تەنانەت ئەگەر کەسێكو زانایەکی ئورووپایی بە ئیمکانو پارەی خۆی وەك حەزێکی تاکەکەسییش لە دەرەوەی دامودەزگای دەوڵەتی، ئیشێکی باش بکاو لێکۆڵینەوەیەکیش بکا، بۆ چاپو بڵاوکردنەوەو فرۆشتنی بەرهەمەکانی دیسان تووشی زۆر گرفتو نەهامەتی دەبێو ئەو کەسە لە کۆمەڵگای خۆیدا بە تەنیا دەمێنێتەوەو مامۆستا هەژار گوتەنی "کەس هیچی بە کڵاوی ناپێوێ".

تازە سەرباری هەموو دەردان، جاروبارە لێرەو لەوێ هێندێك زاناو مامۆستای ئورووپایی دەر دەکەون وەك "مەیموونی لۆتی" بە هەوای سازی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەڵدەپەڕنو لەژێر ناوی زانا بوونو مامۆستا بوون داو بۆ وەدەسهێنانی دڵی شۆوێنیزمی تورکیو دەسەڵاتدارانی تورکیە، لە تورکەکان بە لەزترو راشکاوانەتر فەرمایشتان دەفەرموون کە: "زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نیەو زاراوەی کرمانجی (زازاکی) زمانێکی تایبەتو جودا لە کوردو سەربەخۆیە" و لە بەختی رەشی ئێمە ئەوانیش دەبن بە بەشێك لە بەرەی دژی کوردو داردەستی دوژمنانی کورد.

بە داخێکی زۆر گرانەوە ئەو کوردانەش لە وڵاتانی دەرەوە توانیویانە پلەو پایەی زانستی بەرز لەسەر زمانو زمانزانی وەدەس بێنن، بەهۆی کارو ئیشو کێشەی خۆبەڕێبردن بۆیان ناکرێ وەك دەبێ رۆژی ٨ ـ ٦ کاتژمێر بەشێوەیەکی زانستیو بەردەوام لەسەر زمانو پرۆژەکانی پێوەندیداری زمانو وێژەی کوردی لێکۆڵینەوە بکەن.

مامۆستاو زانای کوردیش کە بە دەگمەن لە بواری بەرزی زانستی زماندا دەبینرێن پێوستە ٨ ـ ٦ کاتژمێر هەر رۆژ وەك هەموو کەسێکی دیکە بە شێوەیەکی بەردەوام لەو بەشەی کاری پێسپێردراوە ئیش بکا هەتا ژیانی خۆیو بنەماڵەکەی راپەڕێنێو کاتێ بە شەکەتیو بێهێزی دەگەڕێتەوە ماڵ، تازە دەبێ ئەگەر خاوەن هەستێکی نیشتمانپەروەرانەی زۆر بەهێز بێ دەست بداتە قەڵەمو بە بێهێزیو ماندوویەتیو بێدەرفەتی پەرتووکێك یان وتارێك سەبارەت بە زمان بەرهەم بێنێ.

بە لە بەرچاوگرتنی هەمووی ئەم کەمو کوڕییانە کە ئێمە وەك کورد بە گشتی بە دەستیانەوە دەناڵێنین، زانیاریو ئاگاداریی زانستیی ئێمە لەسەر زمانی کوردی زۆر کەمو کورتەو هەرکات دەمانهەوێ سەبارەت بە مێژووی زمانو وێژەی کوردی بنووسینو دەستمان بە باوەڕێکی زانستیی گیربێ، پەنا دەبەینە بەر سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کەسانی بیانی، بەتایبەت سەدەی ١٩ زایینی، کە یەك لەوان، "فردیناند یوستی" یە، کە باوەڕی وابوو هێندێك ئاماژەو نیشانە لەبەر دەستن کە دەتوانین باوەڕ بکەین کە زمانی کوردی زمانێکی مێژووییو کەوناراو زیندووو لەسەر پێیانەو دەکرێ پاشماوەی زمانی میدیاکان بێ. "یوستی" لە پەرتووکەکەیدا لە ساڵی ١٨٨٠ ی ز، لە پیترز بورگ بە ناوی "گرامێری کوردی Kurdish grammartic" چاپو بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: "زۆر دووری نابینم، کە زمانی میدیاکان کە ئێستا بوونی نەماوە لەنێو وشەکانی زمانی کوردی دا خۆی پاراستبێ".

هەروەها رۆژهەڵاتناسی بە ناوبانگ "ویلادیمیر مینورسکی" پاش لێکۆڵینەوەو هەوڵدانێکی زانستیی زۆر گەیشتۆتە ئەو ئاکامە کە لەنێوان زمانی میدیاکانو زمانی کوردی دا پێوەندی هەیە.

ئەو لەسەر ئەم رایەیە کە هەموو زاراوەکانی کوردی لە بنچینەو بنەمادا یەکیەتییەکی دیارو پێوەندییەکی ریشەییان پێکەوە هەیە. ئەوە وامان لێدەکات بگەینە ئەم باوەڕە، کە زمانی کوردی بەگشتی زمانێکی سەربەخۆو تایبەتمەندەو دەکرێ بڵێین نەتەوەیەکی مەزنو گرینگی وەك میدیاکان بەو زمانە ئاخاوتوویانە.

بەڵام بە گوێرەی زانیارییەکانی بەردەست هەتا ئەمڕۆش، دەڵێن لە زمانی میدیاکان تەنیا ١٢ وشە گەیشتوونەتە دەستی ئێمە کە ئەوانیش نیوەی گوندو مەڵبەندی جۆراجۆرنو ناتوانن ببنە بنەمایەکی زانستیی تەواو بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی کۆتایی.

ب) سەرەتای وێژەو زمانی نووسراوەی کوردیو بەرەوپێشچوونی هەتا ئەمڕۆ بەو لێکدانەوانەو لێکۆڵینەوانەی کە هەتا ئێستا کردوومە، مرۆڤ لەم رایە نزیك دەبێ کە زمانی کوردی لە مێژووی خۆیدا هەتا ئەمڕۆکەش تەنیا بە دوو زاراوە سەرەکییەکەی (کرمانجیی ژوورو ـ کرمانجیی ناوین) نووسراوەتەوە.

دیارە هەر یەك لەو زاراوانە خاوەن رابردووو مێژوویەکی درێژو تێکەڵو ناهەموارن. هەرچەند وەك دەزانین زمانی کوردی زمانی رەسمیی هیچ دەوڵەتێك نیەو هێزێکی سیاسیی لە پشت نیە کە بەرەو پێشی بباتو بیپارێزێو هەروەها زمانێکی یکگرتووو ستانداردی کوردیش بوونی نەبووەو نیە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم گیروگرفتانەش، دیسان زۆر نووسراوەو بەرهەمی بە توانا بە هەر دووك زاراوەکە دەرکەوتوونەو پێشکەش کراون.

ئێمە دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە هەر دوو زاراوەی سەرەکیی کوردی لە زمانێکی فەرمیو خاوەن دەوڵەت نزیك بوونەتەوە. (کە ئەوە دەوڵەمەندیی زمانی کوردی دەگەیەنێ).

مێژووی زمانی نووسراوی کوردی کە ئەمڕۆ لەبەر دەستمان بێ، لە سەدەی ١١ زایینییەوە بە هەڵبەستو شێعری شاعیری کورد عەلی حەریری دەست پێدەکات.

رۆژهەڵاتناسی رووسی "ئەلکساندێر یابا" لە پەرتووکی خۆیدا بە ناوی:

Reeuil de notices et reeits kurdes

ئاوا دەنووسێ: "یەکەم شاعیرو هەڵبەستوانی کوردان عەلی حەریرییە ... ئەو لەنێوان ساڵەکانی ١٠٠٩و ١٠١٠ زایینی دا لە دایك بووە."

ئاستی ئەدەبیاتی کوردی لە سەدەکانی ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، بە ناوی شاعیرانی کورد وەك ئەحمەد مەلای باتێ، فەقێ تەیران، مەلای جەزیری، سەلیم سلێمان، ئەحمەدی خانی، فارس بەدلیسی، پەرتەو بەگی حەکاری، شێخ خالیدو سیاپۆش خەملاوە.

ئەدەبی کوردی لە سەدەی ١٩ی ز. دا بە هەردووك زاراوەی سەرەکیی کوردی زۆرتر بەرەو ناسیۆنالیزمو نیشتمانپەروەریو جۆرێك لە رۆمانتیك هەنگاو دەنێ.

لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەمەوە، زمانو ئەدەبی کوردی بەرەو باسێکی ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستانو بەرەو سیاسەت رۆیشتو ئەم رەوتە هەتا ئێستاش بە شێوەیەك بەردەوامە.

زمانزان، رۆژنامەنووس، نووسەرو سیاسەتمەداری کورد میرجەلادەت عالی بەدرخان کە گۆڤاری "هاوار" ی لە ١٥ تەباخی ١٩٣٢ی ز. دەرکرد، یەکەم کەس بوو کە رێزمانی بۆ زاراوەی کرمانجیی ژوورو (باکوور) داناو بوو بە بناخەیەك کە هەتا ئێستاش ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە دەنووسینو دەخوێنینەوە.

* روونکردنەوە: لە ژمارەی پێشوودا بە هەڵە ئاماژە کرابوو ئەم وتارە لە دووبەش دا بڵاو دەکرێتەوە، لە کاتێك دا ئەم وتارە سێ بەشە.

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین




### ئەحمەد بەدەخشانی (شێرکۆ)

بەهاری ئازادیی کوردستانی دوای سەرکەوتنی راپەڕینی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران، ئەگەرچی کورت بوو، ئەوەندە پڕ رووداوی سیاسیو فەرهەنگیی گرنگ بوو کە هەرگیز لە خاتیرەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ناسڕێتەوە. شارەکان بە هەموویەوە ٢ـ٣ ساڵ بەدەست پێشمەرگەو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوون. بەڵام لەو ماوە کورتەدا خەڵك تامی ئازادیی چێشتو لە ژێر سێبەری دەسەڵاتدارێتیی شووڕاکانی هەڵبژێردراوی خەڵكو حوکمڕانیی حیزبو رێکخراوەکانی داواکاری ئازادیو مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا خۆ بەڕێوەبردنو ژیان بەدوور لە شەقی ژاندارمو جنێوو سووکایەتیی چڵکاو خۆرانی دەسەڵاتێکی دژی گەلیی، تاقی کردەوە. شاری شنۆ یەك لەو شارانەی کوردستان بوو کە ئازادییەکەی لە چاو شارەکانی دیکە پتری خایاندو، لە خەرمانانی ١٣٦٠دا، کەوتەوە دەست هێزەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران. لە بەهاری ١٣٥٨ەوە تا خەرمانانی ١٣٦٠. لەم شارەو ناوچەکانی دەورو بەری، هەر رۆژەی جیلوەیەك لە ئازادیو دێموکراسیو پێشکەوتنو خەملینی هەستی نەتەوەییو تێکەڵاوی خەڵكو پێشمەرگە، سەرنجی مەمانانی رادەکێشا، بەڕێوەچوونی جێژنو بۆنەی نەتەوەییو حیزبی وەك نەورۆز، ٢ی رێبەندانو ٢٥ی گەلاوێژ، کۆبوونەوەو میتینگی گەورەی سیاسی، دامەزرانی یەکیەتییەکانی لاوان، هونەرمەندان، مامۆستایان، شوانانو هتد... بەڕێوەچوونی خولی پێگەیاندنی مامۆستایانی قوتابخانەو دەست پێکردنی خوێندنو نووسین بە زمانی زکماکی، پێکهاتنی کۆڕی شێعرو بەرنامەی شانۆو گۆرانیی کوردیو نوقم بوونی پێشمەرگە لە نێو خۆشەویستیی خەڵکدا لەو رووداوە بە دیمەنانە بوون کە فەرامۆش ناکرێن.

کە بیر لەوان رۆژانو ساڵان دەکەمەوە، سیمای مێرمنداڵێکی ١٢ـ١٣ ساڵەم دێتەوە بیر. مێرمنداڵێکی ژیکەڵەو جوانی جامانە بەسەر، لە جلوبەرگی پێشمەرگەدا، کە لە ریزی پێشەوەی دەستەی سرووددا دەوەستا. لە دێی سینگانەوە دەهاتو سەر بە یەکیەتیی لاوانی ئەو دێیە بوو. ناوی ئەحمەد بەدەخشان بوو، بەڵام ـ پێم وایە بە پێشنیاری رەحمەتی کاك نەبی قادری ـ بە "شێرکۆ" ناودێریان کردبوو.

"شێرکۆ" پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێند کە کۆماری ئیسلامی شارو ناوچەی شنۆیەی وەك زۆر ناوچەی کوردستان بەو تاوانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەو رێژیمەدا نەبوون لە خزمەتەکانی پەروەردەو فێر بوون بێبەش کرد، قوتابخانەکانی داخست، مووچەی مامۆستایانی بڕیو پێشی هاتنی کتێبی دەرسی بۆ منداڵانی کوردستان گرت. "شێرکۆ" رووی کردە بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە گوندەکەیان. بەو هۆیەوە کە دەنگێکی خۆشو بەهرەیەکی باشی بۆ سروودو گۆرانیی شۆڕشگێڕانە هەبوو، بە کۆڕی هونەریی حیزب لە شاری شنۆ ناسێندراو هەتا ئەو کاتەی لەشکری خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی ئەو شارەی گرتەوە، وەك هونەرمەندێکی بچکۆلە لە جێژنو بۆنە نەتەوەییو حیزبییەکاندا، سروودو گۆرانیی شۆڕشگێڕانەی پێشکەش دەکرد. کاتێکیش پێشمەرگە لەم ناوچەیە پاشەکشەی کردو دەسەڵاتی جەهەننەمیی کۆماری ئیسلامی بەسەر ئەوێدا زاڵ بۆوە، شێرکۆ لە حاڵێکدا مێرمنداڵێکی ١٥ ساڵە بوو تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگە بووو چەکی بەرگری لە نەتەوەو نیشتمانەکەی کردە شان. شێرکۆ سەرەڕای کەمیی تەمەن، پێشمەرگەیەکی ئازاو بەدەستوبرد بووو لە عۆدەی زۆر مەئموورییەتی سەخت دەهاتە دەر. ساڵی ١٣٦٣ لە کاتێکدا تازە پێی نابووە هەژدەیەمین ساڵی تەمەنی، لە کاتی جێبەجێ کردنی مەئموورییەتێکی حیزبی لە زێدەکەی خۆی، سێنگان، دەکەوێتە بەر دەسترێژی خۆ فرۆشێكو بریندار دەبێ، هەوڵ دەدا بە برینداری خۆی رزگار بکا، بەڵام دیسان دەکەوێتە بەردەسرێژو بە برینداری دەکەوێتە دەست هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامیو گیانی لێدەستێنن.

بیری شێرکۆ هەر بە سەوزیو ناوی هەر بە نەمری دەمێنێتەوە.

## یوهان سباستیان باخ

ن : کارل یگر

و: تەها رەحیمی



یوهان سباستیان باخ ( Johanr oebastian bach ) (١٢ی مارسی ١٦٨٥ ـ ٢٨ ژۆئیەی ١٧٥٠) ئاهەنگسازو ئۆرگ ژەنی بەکاری ئەڵمانییە کە بەرهەمە رۆحانیو نارۆحانییەکانی بۆ تیپی ئاواز، ئورکستێرو تاك سازەکان بەگشتی تێکڕای چەشنە جۆراوجۆرەکانی موسیقای بارۆکی کۆ کردۆتەوەو ئەو جۆرە موسیقایەی بەو پەڕی پێگەیشتووی خۆی گەیاند. ئەگەرچی ئەو جۆرە موسیقایەکی نوێی دانەهێنا، بەڵام توانی مێتۆدی باوی موسیقای ئەڵمانی بە تەکنیکی بەهێزو سەرنج راکێشی "کنتریوان" دەوڵەمەند بکات، ئەو تەکنیکانە لە سەر بنەمای تەکووزیی ریزبەندیی هارمونیکیو مۆتیڤی لە پێوەری بچووكو بەرینداو هەروەها ساز ئاسابوونی (adaadpaptahgntation) ئەو ریتمو گرێچنانەی کە لە وڵاتانی دیکەی وەك ئیتالیاو فەرانسە سەرچاوەیان دەگرت، راوەستابوو.

ناسکی بەهێزی موسیقای باخو پەرەگرتنی بەربڵاوی بەرهەمە هونەرییەکەی، وەك یەکێك لە گەورەترین ئاهەنگسازانی رۆژئاوا لە نەریتی ( )دا بەناوبانگیان کرد.

بەسەرنجدان لە مانای قووڵ، تەکنیکی بەهێزو جوانێتیی هونەرمەندانە، ئاسەوارێکی وەك کونسێرتەکانی براندنبۆرگ، سوئیتو پارتیتاکانی بۆ سازی کلاویەیی، مێس لە سی مینێوردا، پاسیون لە گێڕانەوەی مەتای پیرۆز، پێشکەشی موسیقایی، هونەری فوگو، کۆمەڵێکی زۆر "کانتات" کە ٢٢٠ دانەیان لێ ماوەتەوە، دەتوانین ناوبەرین. نموونەیەك لەو تایبەتمەندییە مێتۆدگەرایانەیە لە کۆپلەی " شکۆی یەزدانی هەمیشەیی لەوپەڕی تەشك ئاڵماندا بێ" بە ئاڵمانی " Eheresei Gott in derhohe" لە ئارتاریوی کریسمەسدا، کۆکراوەی ساڵی ١٧٣٤ کە سەردەمی پشکووتنی هونەری ژیانی ساڵەکانی سەرەتای ئەوە، دەتوانین ببینین.

یوهان سباستیان باخ یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین ئەندامانی رەچەڵەکی موسیقایی تەواوی چاخەکان بوو. بنەماڵەی باخ توانی لە ماوەی زیاتر لە دووسەد ساڵدا، دوازدە ژەنیارو ئاوازدانەری شایانو بەتوانا پەروەردە بکا. ئەو مەودا زەمەنییە قۆناخێك بوو کە کلێسە، دەوڵەتی خۆجێو چینی ئەشراف، لە ناوچەکانی ئاڵمانی زمانو بەتایبەت لە بەشە رۆژئاواییەکانی تورین گنو ساکسۆنی، بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو پشتیوانیی چێبوونی موسیقایان بە شێوەی پرۆفیشناڵی دەکرد. بابی سباستیان، یوهان ئامیروزیوس باخ، ژەنیاری تەڕ دەستی وێلۆن، ترومیت ژەنی دەربارو رێبەری تیپی ژەنیارانی شاری ئایزناخ ـ شارێکی ٦٠٠٠ کەسی ـ لە تورینگنی ئاڵماندا دەژیا. ئەرکێك کە لەو شارەدا پێی سپێردرابوو دانانی موسیقای نارۆحانیو بەشداری کردن لە موسیقای کلێسەیدا بوو، مامەکانی سباستیان هەر هەموویان لە موسیقادا پرۆفشناڵ بوون کە لە ئۆرگژەنەوە بگرە تا ژەنیاری تیپی موسیقای بارەگای پاشایەتیی تا ئاوازدانەریان تێدا هەڵ کەوتبوو.

بەڵگە ئەورۆپییەکان نیشان دەدەن کە ناوی باخ ئەوکات بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە ناوێك کە بۆ موسیقازان بەکار ببرێت.

بنەماڵەی باخ بەردەوام شانازییان بەو سەرکەوتنانە دەکرد کە لە بواری موسیقادا وەدەستیان دێناو لە ساڵی ١٧٣٥دا باخ رەچەڵەك نامەیەکی لە ژێر ناوی "سەرچاوەی موسیقا لە بنەماڵەی باخدا" نووسی کە تێیدا ئەو بەرە جۆراوجۆرانەی کە لە موسیقا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، بەسەر کردەوە.

### ئەو شوێنانەی باخ لە ماوەی ژیانیدا لێیان نیشتەجێ بووە:

دایکی ساڵی ١٦٩٤و بابی ساڵێك دواتر مردن. سباستیان کە هەتیوێکی دە ساڵان بوو بە برا گەورەکەی، یوهاکریستۆف باخ، کە ئەوکات بیستو چەند ساڵێك بوو، سپێردرا.

ناوبراو لە شاری ئۆردروف ـ شارێك لە دەوروبەری شوێنی ژیانی دایكو بابی باخ ـ ئۆرگ ژەن بوو. باخ لە ماڵی براکەیدا بە کۆپی هەڵگرتنەوە، خوێندنەوەو بەڕێوەبردنی موسیقاوە سەرقاڵ بووو بەشێوەی تایبەتی کەوتە بەر فێرکاری پڕبایەخی ناوبراو. ئەو دۆزە باخی رووبەڕووی بەرهەمی موسیقازانانی مەزنی ئەو سەردەمە کردەوە کە لە باشووری ئاڵمان هەڵ کەوتبوون کە دەتوانین ئاماژە بە پاکلیلو فروبرگر بکەین. هەروەها لەوانەیە لەگەڵ موسیقای باکووری ئاڵمانو ژەنیارە فەرانسەییەکانی وەك لولی، لویی مارشانو مارین مارای رووبەڕوو بووبێتەوەو وێدەچێ "باخی" بچکۆلانە چاودێرو هاوکاری پرۆسەی نۆژنکردنەوەو پاراستنی ئۆرگەکان بووە کە ئەوە دەبێتە بەراییەك بۆ چالاکییە پرۆفشناڵەکانی تەواوی تەمەنی وەك راوێژکاری چێکردنو چاك کردنەوەی ئۆرگەکان. لە راگەیەنراوی مردنی باخدا ئاماژە بەو خاڵە کراوە کە ناوبراو لە قۆناخێکی ژیانیدا سەرقاڵی کۆپی هەڵگرتنەوە لە بەرهەمەکانی براکەی بووە، بەڵام چونکە نۆتەکانی ئەو موسیقایە بەبایەخ بوونو بە ملکی تایبەتی ژمێردراون، یوهان کریستۆف، نەیهێشتووە باخ لە روویان بنووسێتەوە. لە تەمەنی ١٤ ساڵەیدا سباستیان توانی لەگەڵ برادەرو هاوقوتابخانەییەکەی خۆی، گئۆرگ ئوردسان، بۆ خوێندن لە قوتابخانەی نموونەیی (معتبر) لنت میکائیل لە لونەبورگ بورسیەی خوێندن وەرگرێ. لونەبورگ مەودایەکی ئەوەندەی لەگەڵ هامبۆرگ، گەورەترین شاری ئاڵمان، نەبوو. وێدەچێ باخو برادەرەکەی مەودای دوورو درێژی ئۆردوف تا لونە بورگیان بەشێك بە پێیانو بەشێکیش بە سواری فەیتوون بڕیبێ.

وێدەچێ ماوەی ئەو دوو ساڵەی لە لونەبورگ لە قوتابخانەی لسنت میکائیل دەیخوێند، قۆناخێکی هەستیاری ژیانی بووبێ، چونکی لەو ماوەیەدا زیاتر لەوەی کە لە تورین دەلوا، لەگەڵ قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی ئورووپایی رووبەڕوو بۆوە. وێدەچێ بێجگە لە گۆرانیبێژی لە تیپی (کۆر)دا، کاری ژەنینی ئۆرگی سێ سەفحە کلیلیو هاپسیکوردی قوتابخانەشی کردبێ. هەروەها وێدەچێ زمانی فەڕانسەییو ئیتالیاییش فێر بووبێو بەستێنێکی پەروەردەیی تەواوی لە بواری خوداناسی، زمانی لاتینی، مێژوو، جوغرافیاو فیزیك دەستەبەر کردبێ. لەو قوتابخانەیەدا ئەو کەوتە گەڵ منداڵی دەرەبەگەکانی باکووری ئاڵمان کە بە مەبەستی راهاتن بۆ کاروباری گرینگی بوارەکانی دیپلۆماسیو حکوومەتو دەوڵەت نێردرابوونە ئەو قوتابخانە نموونەیە. وێدەچێ چاوی بە ئۆرگژەنەکانی شارەکانی نزیك لونەبورگ کەوتبێ کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە گئۆرگ یوم لە یوهانس کیرشە بکەین. هەروەها باخی لاو لانیکەم جارێك بۆ بیستنی ئۆرگ ژەنینی راین کن، مەودای سەد کیلۆمێتری هامبۆرگی بە پێیان بڕیوە. لەو ئۆرگ ژەنانەی دیکە کە باخ چاوی پێی کەوتووە دەتوانین ئاماژە بە برونز بکەین. لە رێگەی ئەو موسیقا زانانەوە بە ئەگەری زۆر توانیویەتی دەستی بە گەورەترین ئەو سازانە رابگا کە تا ئەو کاتی تەمەنی دیونیو ژەنیونی. هەروەها شیمانەی ئاشنایەتیی وی لەگەڵ رێبازی موسیقای باکووری ئاڵمانو بەتایبەتی بەرهەمەکانی "دیتریش یوکستە هود"و گوتارگەلێك لە تیۆری موسیقادا کە ئەو پیاوانە بە سەریدا زاڵ بوون دەکرێ.

## کتێبخانەی کوردی کتێبێکی دیکەی مارگرێت دۆراسی گرتە ئامێز

. رۆمانی عاشقەکە لە نووسینی مارگرێت دۆراسی بەرەچەڵەك فەرەنسی لە لایەن شاهۆ حەسەنپوورەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیو دەزگای چاپو پەخشی سەردەم بڵاوی کردۆتەوە. وەرگێڕ لە پێشەکیی رۆمانەکەدا دەنووسێ:" لە رۆمانی عاشقەکەدا دۆراس، باسی تەنیایی کچێکی پازدە شازدە ساڵە دەکا، ئەو کچەی بنەماڵەکەیو کۆمەڵگە بە دژی ئەون. لەم رۆمانەدا نووسەر باسی پێوەندییەکانی ئینسانەکان دەکا. باسی جیاوازیی نۆرمەکان دەکا لە نێو کولتووره جیاوازەکان دا. ئەو باسی خۆشەویستی، باسی قەیرانی کەسایەتیی مرۆڤ دەکا لە سەردەمی شەڕدا.....

بەو هیوایەی خوێنەرانی ئەم رۆمانە چێژو کەڵکی پێویستی لێوەرگرنو وەرگێڕە دەربەستەکانیش هەروا لە خزمەت کردن بە کتێبخانەی کوردی دا بەردەوام بن.



# نامەیەك بۆ گراویم

"پێشکەشە بەو خۆشەویستەی، بۆو شێعرە گوڵی پێ داوم"

غەریبو لێ قەوماوم، بێ دڵی تۆ ئەی گوڵم
تۆم کرد بە قوربانی من، بۆ گڵی تۆو بۆ گڵم

رۆژ نیە لە یادی تۆ، چاو لێڵی ئەشك نەبێ
با وێنەت شاهیدی بێ گەر، ئەسرینم وشك ببێ

لە یەکی دابڕیوین، ئەورۆکە پیرە گەردوون
ملوێنی وەك خۆمو خۆت، لە ژێر چەرخیا مردوون

من ئاوارەو بێ کەسم، یار تۆش مەدە ئازارم
وەرە بۆ ژوانە خەونم، بە گیانت وەفادارم

پێت وا نەبێ ئێرەکە، بۆم بەهەشتو خۆشییە
گەر خەبات نەبا دەمکوت، ئێرەم خۆشی فرۆشییە

لێرە خۆرمان هەڵنایە، خۆ بۆمانی هەڵدێنن
لێرە خۆ خەومان نایە، بە زۆر دەمانخەوێنن

سرووشتی ژینە چ بکەم، ئەی سوور گوڵی لێو سوورم
بۆ مافی خۆم تۆیە، کە ئێستا لە تۆ دوورم

خۆم هەڵمبژاردی یار، بۆ ژیانو ژینی خۆم
ژیانت هەڵیبژاردم، تاکو ژیانم بخۆم

من وا لەگەڵ وێنەکەت، خەریکی ژینو ژانم
شەو دەچمە ژوانی یادت، کە ژان دێتە ژوانم

یارانی من لێرە یار، تەنیا کەسەرو خەمن
دڵ برینداری وەك من، لە دونیای عەشقا کەمن

دەبێ منی ژێردەست، هەوڵی ئازادیی تۆمە
سەربەرزم بە مردنیش، چونکە خاکم گڵکۆمە

زۆر لە تۆ هەژارترم، بەزەییم دێ بە تۆدا
سەد لە تۆ تەنیاترم، دایم ئەژیم لە خۆدا

ناتوانم بێسۆز بژیم، دەتوانم بێتو بژیم
سۆزی نیشتمانمە، کە ناهێڵێ لات بژیم

بەس ویستم بزانی کە، تۆم وەك خاکم خۆش دەوێ
خاکم زیاتر بەڵام، وەك ئێرەم تۆشم دەوێ

ئاسۆ خەبات

# خاتوونی ناوداری شێعر

## پەروینی ئیعتسامی

ن: حەلیمە رەسوڵی



رەخشەندەی ئیعتسامی ناسراوە بە پەروینی ئیعتسامی لە شاعیرانی ناوداری سەردەم رۆژی ٢٥ی رەشەمەی ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی لە شاری تەورێز لە دایك بوو. هەر لە سەرەتاوە لە ژێر چاوەدێری باوکی زاناو لێهاتووی، کە بە بڵاو کردنەوەی کتێبی (تربیت نسوان) بڕواو زانیاریی خۆی لە سەر پێویستی راهێنانی کچان نواندبوو، گەورە بوو.

کاتێك کە هێشتا منداڵ بوو لەگەڵ باوکی بۆ درێژەدان بە ژیان چوونە تاران. پەروین ئەدەبیاتی فارسیو عەرەبی هەر لە لای باوکی فێر بوو. لە تەمەنی ٨ ساڵیدا دەستی کرد بە هۆنینەوەی شێعر. ئەو بە هۆنینەوەی پارچە شێعری جوانو هەستیار لێهاتوویی خۆی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر پەرە پێ دەدا.

لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٠٣ی هەتاویدا (١٩٢٤ی زایینی) قۆناغی قوتابخانەی کچانەی ئەمریکایی، کە لە لایەن خاتوو "میس شولر" لە ئێران سەرپەرستی دەکرا، بە سەرکەوتوویییەوە تێپەڕ کرد. ئەو لە رێورەسمی کۆتایی ساڵی خوێندندا وتارێکی لە ژێر سەردێڕی "ژنو مێرد" پێشکەش کرد.

ئەو لەو وتارەدا باسی لە زوڵمو زۆری پیاو لە ژن لە ژیانی هاوبەشیدا کرد.

خاتوو "شولر" بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەمریکایی کچان بەم جۆرە باس لە بیرەوەرییەکانی خۆی لە خوێندنی پەروین لەو قوتابخانەیەدا دەکا: پەروین ئەگەرچی هەر لە سەرەتای خوێندن لە قوتابخانەی ئەمەریکاییش-دا خۆی خاوەنی زانیاریگەلێکی بەربڵاو بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بە بەردەوامی تینووی فێربوون بوو.

خاتوو "سرور مکهامە" لە هاوڕێیانی نیزیکی پەروین کە وەك دەڵێ ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵ پێکەوە هاوڕێیەتییان بووە بەم جۆرە باس لە پەروین دەکاو دەڵێ: پەروین مرۆڤێکی داوێن-پاك، ئەخلاق خۆش، خاکیو بێپۆزو دەمار، بە ئەمەگو هاوڕێی خۆشەویست بوو.

پەروین لە ١٩ی رەشەمەی ١٣١٣ لەگەڵ کوڕی مامی ژیانی هاوبەشی پێك هێنا، چوار مانگ دوای مارە بڕینی گوازراوەو لەگەڵ هاوسەرەکەی چوون بۆ کرماشان. مێردەکەی لە ئەفسەرەکانی شارەوانی بوو، هەڵسوکەوتی نیزامی ئەو لەگەڵ رۆحو دەروونی ناسکی پەروین دژایەتی بوو. هەر بەو هۆیە زۆری نەخایاند، واتە دوای تێپەر بوونی دوو مانگو نیو لە ژیانی هاوبەشی لێك جیا بوونەوە.

دوای ئەو رووداوە پەروین ماوەیەك لە کتێبخانەی زانستگای بەرزی تاران بوو بە کتێبدارو لە هۆنینەوەی شێعریشدا هەروا بەردەوام بوو. بەڵام بە داخەوە مەرگ چیدیکە مەودای پێی نەداو لە تەمەنی ٣٤ ساڵیدا پەروینی لە کۆمەڵگای ئەدەبی ئەستاندەوە. پەروین شەوی ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٢٠ی هەتاوی بە هۆی تووش بوون بە نەخۆشییەوە ماڵاوایی لە ژیان کردو تەرمەکەیان برد بۆ شاری قومو لە گۆڕستانی بنەماڵەیی بە خاکیان سپارد.

لە ساڵی ١٣١٤دا یەکەم دیوانە شێعری پەروینی ئیعتسامی، شاعیری بە توانای ژن بڵاو بۆوە.

پەروین پارچە شێعرێکیشی بۆ سەر گۆڕەکەی خۆی هۆنیوەتەوە کە تا ئێستاکە لە سەر چێڵی قەبرەکەی نووسراوە.

ناوەڕۆکی شێعرەکانی پەروین زیاتر لە سەر چۆنیەتیی کردەوەو ئەخلاقو رەوشتە. بە واتایەکی دیکە شێعرەکانی پەروین لە شێوازدا عیرفانین. پەروین بە چەشنێك باس لە پرسە کردەوەییەکان دەکا کە خوێنەر لە هەر چینو توێژێك بێ دەخاتە ژێر کاریگەریی زمانی رەساو ساکاری خۆیەوە. لە شێعرەکانی پەرویندا ئاماژەی زۆر بە سروشتو دیمەن کراوە. پەروین لە ژێر کاریگەریی حافزو سەعدیدا بووەو شێعرەکانی تێکەڵاوێکن لە دوو شێوازی خوراسانیو عێراقی.

لێهاتوویی سەرسووڕهێنەری پەروین بەردەوام بۆتە هۆی سەرسووڕمانی زانایانی ئەدەبی.

بێگومان پەروینی ئیعتسامی گەورەترین شاعیری ژنی ئێرانە. ئەگەرچی تەمەنی پەروین زۆر کورت بوو، بەڵام ئەو لە ماوەی کورتی ژیانیدا توانی ناوبانگێکی باش بۆ خۆی دەستەبەر بکاو ئێستاش کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ لە مردنی تێدەپەڕێ خەڵکانێکی زۆر شێعرەکانی دەخوێننەوەو کەڵکی لێ وەردەگرن. لە کۆتاییدا دەڵێن کە پەروین دیوانی باشو پاکی بوو.




سامان کۆنەپۆشی

## دوا پەیڤ

ستوونی دونیای کەونار تا ئێستا هەشت ژمارەیە کە لەم گۆشەیەی لاپەڕەکەماندا درێژە بە کاری خۆی دەدات. لە سەرەتادا ئامانجو پرۆژەی نووسینی ئەم ستوونە ناساندنێکی سەرەتایی لانیکەم ٣٥ فەیلەسووفی یونانی دێرین بە خوێنەرانی رۆژنامەکەمان بوو، کە دیارە بە بوونی فەیلەسووفگەلێکی خاوەن راو شوێندانەری وەکی سوکرات، پلاتۆ، ئەرەستو، فیساغورسو... نزیك بە ٤٠ تا ٤٥ ژمارە بەردەوام دەبوو.

لەم هەشت ژمارەیەی دوایی "کوردستان"دا زانیارییەکی کورتو سەرەتایی لە سەر شەش لەم فەیلەسووفانە (تالیس، ئاناکسیماندروس، ئاناکسیمێنس، هێراکلیتوس، پارمنیدس و زێنون) پێشکەش بە خوێنەرانی ستوونەکە کرا. بەڵام لەم کۆبوونەوەیەی دوایی دەستەی نووسەرانی "کوردستان"دا بڕیاری پێکهێنانی کۆمەڵێك گۆڕانو نوێکاری لە فۆرمو نێوەرۆکی رۆژنامەدا درا، کە بە حوکمی ئەوەی کە رۆژنامەکەمان زیاتر رۆژنامەیەکی سیاسییە، یەکێك لەو گۆڕانانەش کەمکردنەوەی لاپەڕەی "ئەدەبو هونەر"ی گرتەوە کە کرا بە یەك لاپەڕەی رۆژنامە.

ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەرەتانی کارمان لە لاپەڕەی ئەدەبو هونەردا سنووردارترو کەمتر بێتەوەو، هەروەها دەبێتە لەمپەر لە بەردەم بەردەوامیی بڵاوبوونەوەی ئەم ستونەدا. دیارە هیوادارم لە دەرەتانگەلێکی دیکەدا، رەنگە بە هۆی نووسینی بابەتگەلێکی سەربەخۆو جیاواز، بتوانم ئەم کارە بە کۆتایی بگەیەنمو ئەم زانیارییانە بگوێزمەوە بۆ هۆگرانی فەلسەفەی یونانی کەونار. بەڵام لە راستیدا ئەمە دوایین ستوونی دونیای کەونار دەبێت کە لە لاپەڕە ئەدەبو هونەری رۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەبێتەوەو بەم شێوەیەش خوێنەرانی هێژا لەم گۆڕانکارییانەی لاپەڕەکەمان ئاگادار دەکەینەوە.

# رۆچنەیەك بۆ ئەدەبیاتی جیهان

و: ئازاد شێخی

٤ـ ئەدەبیاتی رۆژهەڵات لە سەردەمانی کۆنەوە لە رێگەی چینەوە دەسەڵاتدار بوو. دەسەڵاتی زۆری فەرهەنگی چین لە شێوە دورگەی کۆریا بەرەو خوارەوە وەڕێ کەوتووەو کاریگەریی لەسەر کۆنترین دەورانو سەردەمەکانی شارستانییەت هەبووەو بەردەوام بووژاوەتەوەو هەرچەند زمانە زارەکییەکان هاوشێوەیان نیە، بەڵام لە جۆری ئاسیایی ئۆقیانووسی ژاپۆنی، روونە کە بە شێوەیەکی بەهێز هەردووکیان لە گۆڕانو چاکسازیدا بوونو بەرادەیەکی بەربڵاو پەرەی ئەستاندوە.

٥ـ لە هیندوستانەوە بۆ رۆژئاوا لە چینەوە بۆ باکوورو لێواری دەریاکان کاریگەریی ئەدەبیاتی بوودایی، ئیسلامی، باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای گرتۆتە خۆ، چونکە لەو تاکە ناوچەیەدا جێگەی سەرنجی فەرهەنگە گەورەو پێشکەوتووانە.

ئەدەبیاتی ئاسیایی رۆژهەڵاتی تەنها هێندێك لەوانە لە ژێر کاریگەریی بودائیزمدا بەستراوە بە هیندو باشووری قارەی ئاسیایە کەوا دێتە بەرچاو لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئاسیا رۆژئاواییدایە. ئەدەبیاتی جیهانی ئیسلامو باشووری ئاسیا زۆر نزیکترە لە رۆژئاوا لە ئەدەبیاتی چینو ژاپۆنی.

ئەدەبیاتی عەرەبیو سانسکرێت لایەنە سەرەکیو گرینگەکانی ئەدەبیی کە ئەدەبیاتی ئاسیایی لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتووەو بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئەوەی لە رۆژئاوا دایە.

**دایرەالمعارف ئەدەبی**

**فۆرمە ئەدەبییەکان**

ئەدەبیاتی بەربڵاوی رۆژهەڵات بەسەرهاتی شاعیرانو هەڵبژاردەی حاڵو ئەحواڵو کارو کردەوەی خواکانو پاڵەوانەکان لە ئەدەبیاتی کۆنی رۆژهەڵاتی ناڤینو ئێران و هیندە، ئەو تایبەتمەندییە لە ئەدەبیاتی عەرەبیو چینیو ژاپۆنیدا نیە.

شێوازێك لە پەخشان لە ژاپۆن هەیە کە لەگەڵ پەخشانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست جیاوازە.

گەلێك دەق و بابەتی سەرنجراکێشی سەردەمی خۆرهەڵاتی ناڤینی کەون لەبەر دەستن، بەڵام ئەم فۆرمە بەراستی لە جیهانی ئیسلامدا ناسراوە، لە هیندا بە کەمێك جیاوازیی شانۆنامەی گەورە دروست دەبن، شانۆ بەردەوام لە چیندا هونەرێکی چووکە بووە، بەڵام دوو نموونەی بێ هاوتا لە شانۆ لە ژاپۆندا وەدیار کەوت، سەرەڕای کۆمەڵە ئاوازێکی عیبری، ئاوازەکان، شێعری شۆڕشگێڕی ئەوپەڕی بایەخی هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە ئەدەبیاتی کۆنی رۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیە لەو ئەدەبیاتەش یەکێکیان ئەدەبیاتی درەوشاوەی فارسیو عەرەبییە. بەڵام ئەدەبیاتی ئاسیای باشوور زۆر گرینگو بایەخدار نیە.

کورتە شێعر بەپێی لێکۆڵینەوەکان، جۆری گرینگو سەرەکیی ئەدەبیاتی چینییەو لە ئەدەبیاتی ژاپۆنیدا تاکە بەرهەم کە دەکرێ کێبەرکێ لەگەڵ بکرێ شانۆیە.

بەکارهێنانی زۆرێك لە دەستەواژەو چەمکە رۆژئاواییەکان لە فۆرمە ئەدەبییەکانی رۆژهەڵاتدا هێندێك سەرلێشێواوی دروست دەکا، شێعری رەزمی فارسی تا رادەیەك لە شێعری حەماسی هومێری یا شێعرە رەسمییەکانی هیندە. شانۆی ژاپۆنی زۆر دوورە لە شانۆی سانسکرێت وادیارە دەبێ هونەرێکی بەتەواوی جیاواز بێت. کۆمەڵە نووسراوە ئەدەبییە گەورەکانی لە مێژووی جیهانی کۆندا بەجێ ماون بە کۆمەڵێکی گرینگ کە لەبەر دەست دایە، زۆر زەحمەتە گەر بە کورتیش بێت رۆڵو نەخشو رۆحی ئەدەبیو فۆرمە ئەدەبییەکانی تەنانەت یەکێك لەو چوار دەستەیە لەم بابەتەدا روون بکرێتەوە.

# کوردو دیپلۆماسی میدیایی

**بەشی دووهەمو کۆتایی**

ن: مادح ئەحمەدی
madehahmadi@gmail.com

**کورد بۆ ئەوەی بتوانێ لە ئاستی جیهاندا دزە بکاتە نێو رای گشتیجیهان و لەو رێگەیەوە گوشار بخاتە سەر دەسەڵاتدارانی وڵاتان بۆ پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی کورد و سەرخستنی و دروست کردنی لۆبییەکی بەهێز پێویستیی بە راگەیاندنێکی بەهێز هەیە تا بتوانێ بە زۆر شێوە و زمان و زاراوەی جیاواز ویستو داخواز و دەردی نەتەوەکەی بە گوێی دنیا بگەیەنێ.**

لە خەباتی سیاسی، کۆمەڵاتی، کولتووریی هەر نەتەوەو وڵاتێکدا میدیا دەورێکی بەرچاوی هەبووەو وەك رەهەندێك لە خەبات چاوی لێ-کراوەو لەلایەن زۆربەشیانەوە بایەخی تایبەتی پێ دراوەو بەردەوام گەشەی پێدراوە. لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا تا رادەیەك ئاوەڕمان لە مێژووی خەباتی میدیاییو دیپلۆماسیی وڵاتان لە کەناڵی میدیاوە داوەتەوە. وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ ئەم مەبەستە لە دوو رووەوە توانیویانە کەڵك لە میدیا وەربگرن:

١ــ رەهەندی نێوخۆیی: ئەو دەسەڵاتو لایەنانەی کە لە رووی نێوخۆییەوە توانیویانە کەڵك لە میدیا وەربگرن، بەو مەبەستە بووە کە رای گشتی لەگەڵ سیاسەتو پلانەکانی خۆیان رێك بخەنو بەرامبەر بە کۆمەڵگای جیهانی بەکاری بێنن. ئەمە بەو مانایە نیە کە بە شێوەیەکی ئامرازی کەڵکیان لە ماس میدیا وەرگرتبێ، بەڵکوو بەو مانایەیە کە توانیوانە بە پێی ستراتیژیو ئامانجە نەتەوەییەکانی وڵاتەکەیان لە کەناڵی میدیاوە ئاستی وشیاریی خەڵك لە هەموو روویەکەوە بەرز بکەنەوەو تواناکانیان کاناڵیزە بکەنو کۆمەڵێکی زیندووپێك بێنن.

٢ـ رەهەندی دەرەکی: لە رووی دەرەکییەوە ئەو وڵاتو لایەنانەی کە لە رێگەی میدیاوە دیپلۆماسییان کردوە بەردەوام هەوڵیانداوە کە لە ئاستی جیهانیدا برەوە بە تایبەتمەندییە سیاسی، ئابووری، کولتووریو کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بدەنو لەو کاناڵەوە دزە بکەنە نێو خەڵکی وڵاتانی جیهانو هێژمۆنی خۆیان بچەسپێننو لە دیپلۆماسیدا بەکاری بێنن. واتە لەم سۆنگەیەوە ئامانجە ستراتیژییو نەتەوەیییەکانی خۆت بردۆتە پێشیو بە ئاماژە بە رۆڵی میدیا ئەرکو بەرپرسایەتیی نێردراوی فەرمیو دیپلۆماتەکانت کەم کردۆتەوە.

ئەگەر لە سەر ئەم بنەمایە تیشك بخەینە سەر راگەیاندنو میدیای کوردی بەو ئاکامە دەگەین کە کورد هێشتا پاش تێپەڕینی ١١٠ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردیدا تەنانەت لە بواری بڵاوکراوەی چاپییەوە لە ئاستی جیهاندا نەیتوانیوە خۆی دەربخاو قسەی بۆ وتن هەبێو لە ئاستی نێوخۆی کوردستانیشدا نەیتوانیوە بەدەر لە بۆچوونی حیزبیو گرووپی لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیك کار بکاتە سەر رای گشتی کۆمەڵگای کوردی تا چ بگا بە میدیای وێنەیی و ئێلێکترۆنی.

لێرەدا رەنگە پرسیار ئەوە بێ کە هۆکاری ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ کورد لەبەر ئەوەی خاوەن دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە، بێگومان لە تەواوی بوارەکاندا زەربەی قورسی وەبەرکەوتوە، بۆیە نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست پێشکەوتنی جیاواز بە خۆیەوە ببینێ. بێگومان یەك لەو بوارانەش دەتوانێ بواری راگەیاندن بێ. بۆیە ئەمە دەتوانێ وەك یەکەم هۆکاری پاشکەوتنی راگەیاندنی کوردی دەستنیشان بکرێ. کورد لەبەر ئەوە کە بۆ خۆی خاوەن ناوەندی ئاکادمیك و فێرکاریی باڵا لە بواری راگەیاند دا نەبووە بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو کەسانەی کە لە بواری راگەیاندنو رۆژنامەگەریدا لە کوردستان شارەزان ژمارەیان لە قامکەکانی دەست تێپەڕ نابێ، بە هۆی ئەم بۆشاییەوە کەسانێك هاتوونەتە مەیدانەوەو کاری رۆژنامەگەرییان کردوە کە یا سیاستوان، یا شاعیرو رۆماننووسو بازرگانو ... بوون. بەگشتی دووەمین هۆکار دەتوانێ ناپسپۆڕیەتی بێ. بێگومان ئەگەر قووڵتر بینەوە هۆکاری زۆرتر لە پشت دواکەوتنی ئەم بابەتەوە دەدۆزینەوە، بەڵام ئەوە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دایە و لێرەدا لەمە زیاتر پێویست ناکا درێژەی پێ بدەین.

کورد بۆ ئەوەی بتوانێ لە ئاستی جیهاندا دزە بکاتە نێو رای گشتیجیهان و لەو رێگەیەوە گوشار بخاتە سەر دەسەڵاتدارانی وڵاتان بۆ پشتیوانی کردن لە بزووتنەوەی کورد و سەرخستنی و دروست کردنی لۆبییەکی بەهێز پێویستیی بە راگەیاندنێکی بەهێز هەیە تا بتوانێ بە زۆر شێوە و زمان و زاراوەی جیاواز ویستو داخواز و دەردی نەتەوەکەی بە گوێی دنیا بگەیەنێ.

لە ئاستی جیهاندا تەنیا "یەڵماز گۆنای"و "بەهمەن قوبادی" بەو فیلمانەی کە سازیان کردوە توانیویانە لە رێگەی سینەماوە دیپلۆماسی بکەن بۆ نەتەوەکەیان و سەرنجی رای گشتیی وڵاتان بەرەو لای کورد راکێشن.

پڕخوێنەرترین ماڵپەڕی کورد "pukmedia"یە کە هی "یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان"ەو تا ئێستا لە ئاستی جیهاندا نەیتوانیوە ببێتە سەرچاوە. راگەیاندن لە کوردستان خراوەتە خزمەت دەسەڵاتی تاکو حیزبەوەو ئەمەش مەترسییەکی هەرە گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد و بزووتنەوەی کورد لە داهاتوودا.

ئەو ئاڵوگۆڕە بەرینانەی کە پێویستە لە راگەیاندنی کوردیدا بکرێو کورد خۆی بخزێنێتە قۆناغێکی ترەوەو ماڵاوایی لەو شێوازەی ئێستا بکا لە توانای حکوومەتی هەرێمی کوردستان دایە (لە باشوور وەك پارچەیەکی رزگار کراوی وڵات) لەم پێناوەدا هەنگاو هەڵ بگرێ.

راگەیاندن بەپێی ئەوەی کە دەسەڵات بەرهەم دێنێو وەك دەسەڵاتی چوارەم ناسراوەو رای گشتی دروست دەکا، یەکێك لەو فاکتەرە بنەڕەتییانەیە کە دەتوانێ کورد بکاتە هێزی خاوەن قورسایی تایبەت لە گۆڕەپانی سیاسیی جیهاندا. ئەگەر ئێمە بە بیرێکی قووڵ و بەگوێرەی ئەوەی کە سەردەمی دیپلۆماسیی میدیاییە، پلانێکی ستراتیژیك بۆ راگەیاندنەکانمان دابڕێژین، بێگومان دەتوانین کێشەی کورد بە گشتی لە ئاستی دنیادا بەرۆژەڤ بکەینو خاوەن لۆبییەکی بەهێز بینو بەدزەکردنە ناو رای گشتیی وڵاتان گوشار بخەینە سەر دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە بۆ ئەوەی بتوانین پشتیوانییەکی دەرەکی دستەبەر بکەین کە وەك یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەك چاوی لێدەکرێ.



دەزگاکانی راگەیاندن رۆڵی سەرەکی لە شەڕی زانیارییەکاندا کە رۆژ بە رۆژ لە پەرە ستاندن دایە دەگێڕنو هەر وڵاتێك دەسەڵاتی میدیایی و ئامرازی راگەیاندنی بە هێزتر و خێراتر بێ، براوەی مەیدانەکەیەو زیاترین بەردەنگی لە جیهاندا هەیە. ئەمڕۆ ئەم بابەتە تا رادەیەکی هەرە زۆر سیاسەتی وڵاتان و زلهێزان بەو چەشنەی کە بیانهەوێ ئاراستە پێ دەدا. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە شێوەی کلاسیك و داخراوی دیپلۆماسی بەسەر چووە و میدیاکان ئەرکی دیپلۆماتەکانیان کەم کردۆتەوە، بۆیە میدیا و دەزگاکانی راگەیاندن لە لایەن وڵاتانی زلهێزی جیهانەوە گرنگی و بایەخێکی تایبەتیان پێدەدرێ. ئەمڕۆ بە پێی ئەو خێراییەی کە لە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان دا هەیە، وڵاتان بۆ ئەوەی بتوانن لە پێناو ئامانج و سیاسەتەکانی خۆیاندا دزە بکەنە نێوخەڵکی وڵاتان و تەیار کردنی رای گشتی وڵاتێك بەمەبەستی بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی تایبەت لە کاناڵی دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیانەوە کار بۆ ئەم بابەتە دەکەن و بەو پێیە بەرنامەکانی خۆیان بە زمانی خەڵکی ئەو وڵاتەی کە مەبەستە بڵاو دەکەنەوە.

پەرەگرتنی شێوە جۆراوجۆرەکانی ئاژانسی هەواڵ و دەزگای راگەیاندن لە جیهان دا بێگومان بێ هۆ نیە و هەرکام دەستی دەسەڵاتێکیان لە پشتە و ئەو دەسەڵاتەش زۆربەی پێداویستییەکانیان لە بواری ئابوورییەوە دابین دەکا. دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە میدیاکان و دەزگاکانی راگەیاندن لە جیهاندا کەوتوونەتە ژێر رکێفی دەسەڵاتەوە و ئازاد نین. لە وڵاتانی پێشکەتوودا شتێکە بۆ رۆژنامەنووسان گرینگە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەیانە (بەڵام لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیك و یاسامەند کە پێناسە کرابێ)و لەو پێناوش دا ئاراستەی کارەکانی خۆیان دیاری دەکەن.

گەر چاو لێ بکەین دەبینین ئەمڕۆ VOA، CNN، BBC، ئەلجزیرە، ئاسۆ شێیدت پرێس، فاکس نیوز، فرانس پرێس، رۆیتێرزو... چ رۆڵێك لە جیهاندا دەبینن. دەبێ لە خۆمان بپرسین ئەم میدیا و ئاژانسانە بۆچی رۆژانە بە دەیان زمان بابەتەکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە.

کارناسانی بواری میدیاو پەیوەندییەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە کاریگەرییو باندۆڕی پەیوەندییە جیهانییەکان (Global Communication) لە پەیوەندییە نێونەتەوەیەکاندا لە دوو حاڵەت دا جێبەجێ دەبێ:

١ــ پەیوەندییە جیهانییەکان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پەراوێزو ئاقارەکانو مژاری بەشدارییان لە دیالۆگێکی جیهانیدا پێك دێنێ. لەراستیدا پەیوەندییە جیهانییەکان هەلی بەهێزبوونی هەندێ دەنگو گرووپ کە لە بیر کراون دەڕەخسێنێو دەبێتە هۆی رەخنە گرتنو هێرش کردنەسەر سیستمە کولتووری، سیاسی، ئابووریو... نەریتییەکان.

٢ــ پەیوەندییە جیهانییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی هاوگەراییەکی (Integration) تیۆریك پێك بێو لەم سۆنگەیەوەیە کە رێبەرانی نێونەتەوەیی سەرنج دەدەنە کۆمەڵێك بابەت وەك چەوسانەوە، گەشەو جەماوەر، چەکە ناوکییەکانو ژینگە، مافی مرۆڤ، پێگەی ژن، دیموکراسیو...هتد.

لێرەوەیە کە پێویستە کورد بۆ ئەوەی کە بچێتە ناو دیالۆگێکی جیهانییەوە کار لەسەر میدیاکانی و بیر لە دامەزراندنی دەنگو رەنگێکی نەتەوەییو چەند زمانو زاراوەیی بکاو لەم سۆنگەیەوە رای گشتی رێك بخاو رۆڵ بگێڕێ لە سەر ئاڵوگۆڕی رۆژانەی زانیارییەکان لە ئاستی ناوچەکەو جیهان دا.

**زمان، میدیا، دیپلۆماسی**

زمان بەو بۆنەوە کە ئامرزای پەیوەندییەکی نێوان مرۆڤەکان، لە میدیاو دیپلۆماسیدا سەرەکیترین کۆڵەکەیە بۆ پەیوەندییو دەزکردنە ناو رای گشتیو ئاراستە پێدان، چونکە ئەو زمانە کە دەتوانێ رێژەی بینەرانو بەردەنگانی تۆ زیاد بکاو بازنەی چالاکییەکانت بەربڵاوبکاتەوە. بەم جۆرە لە دیپلۆماسی میدیاییدا لەرێگەی زمانەوە میدیا یا کەناڵەکانی راگەیاندن کار لە سەر رای گشتی دەکەنو فۆرمی پێدەدەن. کە تۆ توانیت لە رێگەی زمانەوە کار بکەیتە سەر رای گشتی وەڵاتێك، بێگومان دەشتوانی مەبەستە سیاسیو دیپلۆماتیکەکان بەریتە پێشتێ.

سۆڤیەت بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی بەزمانی ئینگلیزیو ئەڵمانی لە نێوەی دەیەی ٢٠ی زایینیدا دەست پێکردو لەدەیەی ٣٠دا بەرنامەکانی خۆی بە٥٠ زمانو زاراوەی جیاواز بڵاودەکردەوە. بریتانیا لەساڵی ١٩٣٢ دا "BBC" دامەزراند کە وەك یەکەمین رادیۆی شەپۆل کورت رۆژانە بەردەوام ١٠کاتژمێر بەرنامەی بڵاو دەکردەوە. کەڵك وەرگرتن لە کتێبو بڵاوکراوەکانیش لە کاریگەرترینو نەمرترین مێتۆدەکانی دیپلۆماسییە. لەسەر ئاستی میدیاکانو لەنێوان وڵاتانی جیهان دا، ئەمریکا لەم بارەوە پێشکەوتووترەو دەیان بڵاوکراوە بەزمانە جۆراوجۆرەکان لەوڵاتان دا بڵاودەکاتەوە.

لە روانگەی زانستییەوە سەرەکیترین جیاوازیی نێوان میدیای چاپی و وێنەیی کە بەردەوام کارناسانی بواری راگەیاندن جەختیان لەسەر کردۆتەوە ئەوەیە کە هەر کەس بۆ ئەوەی لە رۆژنامەیەك، گۆڤارێك یا هەر بڵاوکراوەیەکی چاپی بیهەوێ تێبگات پێویستە لانیکەم توانایی خوێندنەوەی هەبێ. بەڵام بە پێچەوانەوە لە میدیایی وێنەییدا، تۆ لە پەیوەندی لەگەڵ رووداوێکدا کە وێنەی تایبەت بە خۆیت هەیەو بێگومان دەنگیشی لەسەرە، بەردەنگەکەت نەخوێندەواریش بێت بە مەرجێك بە زمان یان زاراوەکەی بدوێت تێ دەگا. بۆیە لە میدیای وێنەییو تەنانەت دەنگیش دا(تلویزیۆنو رادیۆ) بۆ ئەوەی کار بکەیتە سەر رای گشتی زمانو زاراوەکانی ئەو چوارچێوەی جوگرافیاییەی کە مەبەستەو دیاری کراوە بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە دەبێ لەبەر چاوە بگیردرێ.

زۆر کەس لە کوردستان دا لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ راگەیاندنەکان لە پێناو زمانی ستانداردو یەکگرتوودا تەنیا زاراوەیەك لەبەرچاو بگرنو لەناو بەکارهێنەرانی زاراوەکانیتردا برەوی پێ بدەن. ئەمە بە پێی ئەو تیۆریانەی کە لە راگەیاندنو رای گشتی دا باسیان لێدەکرێ بەتەواوەتی هەڵەیە. چونکە راگەیانو ئەرکو بیاڤی چالاکی دیارە چییەو بەو پێیەش بۆ دروستکردنی رای گشتیو ئاراستەپێدان هەر بەو جۆرەی ئاماژەی پێکرا پێویستە زمانو زاروەکانی بە پێی ئەو سنوورەی کە تێدا کار دەکاو مەبەستیەتی لەبەرچاو بگرێو هەموو جۆرە بەردەنگێکی هەبێ. لە هەمان کاتیش دا دەزگاو کەناڵەکانی راگەیاندن کۆڕی زانیاریو ناوەندی ئاکادێمیك نین کە بڕیار لەسەر ئەو بدەن.

**ئاکام:**

بەئاماژە بەو ئاڵوگۆڕانەی کە ئەمڕۆ لە جیهان دا دەیبینینو رۆڵی میدیاو دەزگاکانی راگەیاندن لە سیاسەتی وڵاتان دا، بەو ئاکامە دەگەین کە کورد لەبەر کۆمەڵێك هۆکار نەیتوانیوە لەو مەیدانەدا دەوری هەبێو خاوەن پێگە بێ. بۆیە پێویستە دەزگاکانی راگەیاندنو حیزبە کوردییەکان بایەخ بە شێوازێکی نوێ لە راگەیاندن بدەن بۆ ئەوەی بچینە قۆناغێکی نوێیەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کورد: ١ــ چەند ناوەندی ئاکادێمیکی بە هێز بۆ پەروەردەکردنی بەڕێوەبەرانو کارگێڕانی دەزگاکانی راگەیاندن دامەزرێنێ. ٢ـ دامەزراندنی دەنگو رەنگێکی نەتەوەییو کوردستانی بۆ ئەوەی واقیعیەتو تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی بەدەر لە بیروبۆچوونی حیزبی لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیك بڵاوبکرێنەوە. ٣ــ گرینگیدان بە زمانە جیهانییەکانو زاراوە کوردییەکانیترو بڵاوکردنەوەی بەرنامەو... بەو زمانو زاراوانە. و...

سەرچاوەکان:
١ــ بیژەنی، مریەم، دیپلۆماسی لە رەوتی زەمەندا، وەرگێڕ: مادیح ئەحمەدی ـ گۆڤاری تیشك، ژمارەی ٢٢
٢ـ پرایس، وینسنت ـ افکار عمومی ، ترجمە: علی رستمیو الهام میرتهامی، چاپ اول، تهران ١٣٨٢
٣ـ چامسکی، نوامو اس. هرمن، ادوارد ـ فیلترهای خبری، ترجمە: تژا میرفخرایی، چاپ اول، تهران ١٣٧٧
٤ـ زورای، عبدالمجید، کلیاتی در مورد حقوق دیپلماتیك ـ بخش اول
٥ــ خرازی آزر، دکتر رها، سایبر دیپلماسی: رسانەها، نهادهای خصوصی دیپلماتیك ــ ارتباطات بین الملل ـ همشهری آنلاین
٦ـ باهنر، دکتر ناصر ـ رسانەها و روابط بین المللی

# سوسیال دێموکراسی چیە؟

**( بەشی شازدەهەم )**

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم و سۆسیال دێموکراسیداو هەروەها مۆدێل و ئەزموونەکانی سۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزیەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن و ئان ماری لیندگرێنە.**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
کەماڵ حەسەنپوور

بێ گومان زۆرجار ئەوە دژوارە کە بە شێوەیەکی بێ لایەنانە دیاری بکەی کە "پێویستییەکان" کامانەن کاتێک کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو بەرهەمە یا ئەویتر. "پێویستی" کورسی سوور لە گەڵ "پیویستی" پاسکیلی شین دژوارە بە شێوەی ژمارەیەک پێوەری بێ لایەن فۆرمولە بکرێت هەر بەو شێوەیە "پێویستی" وەجاخی مایکرۆ لە بەراورد کردن لە گەڵ سی‌دی، کالیسکەی سەر بەفر یا گوڵ بۆ باخچەی ماڵ. ئەو چەشنە زیاتر حەز لێکردنەی (preference) کڕیاران تەنیا دەتوانێ لە بازاری ئازاددا خۆی نیشان بدات، کە لەوێدا کڕیاران (کە کەمتاکورتێک وەک یەک بە هێزن) بۆ خۆیان دەتوانن لە چوارچێوەی داهاتیاندا بریار بدەن کە گرنگی زۆرتر بە کام کەلوپەل بدەن.

بەڵام هەندێک پێویستی بنەرەتی هەن کە ئێمە بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانین پێناسەیان بکەین. یەکێک لەوان پێویستی خواردەمەنی‌یە، پێویستی هەوای تازە و ئاوی خاوێن، پێویستی چاودێری تەندروستی و پەروەردە و فێر کردن.

لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو شتانەی کە بە شێوەیەکی وشە بە وشەیی شتی سەرەکین، و کاتێک کە دابینکردنی ئەو شتانە بە هۆی فاکتەری ژینگەیی و ئابووری‌یەوە سنووردارن، ئەو کات ماقوڵ نیە کە ئەوان لە ڕێگای مێکانیزمی نرخەوە دابەش بکرێن، واتە ڕێگا بدرێت بەو کەسانەی کە توانای کڕینی ئەو شتانەیان هەیە وەدەستی بهێنن و ئەوانی‌تر بێ بەش بن، لەو حاڵاتانەدا شتێکی زیاتر لە ئابووری بازار پێویستە.

خزمەتگوزاری‌یەکانی کۆمەڵایەتی، وەک چاودێریی نەخۆشخانە و پەروەردە و فێرکردن نموونەی ئەو جۆرە "شتی" سەرەکین، کە لەوێدا پێویستی و نەک توانای پارەدان دەبێ بریاردەر بێت بۆ دابەش کردنی ئەوان. بەڵام یەکێک لە گرنگترین سامانە سنووردارەکانی کە مرۆڤ دەبێ بە وشیاری‌یەکی زۆرەوە کەڵکی لێ وەرگرێت ژینگەیە بە واتای بەربڵاوی وشە. هەوای تازە و ئاوی خاوێن شتەهایەک نین کە ئێمە مشت و مڕیان لە سەر بکەین. و هەروەها ڕووباری کەنداو (Golf Stream) کە تا کوێ دەچێت یا ئەستووری چینی ئۆزۆن (Ozone layer). هەر بۆیە ئەو سامانانە شتێک نین کە مرۆڤ "بە پێی مەرجەکانی بازارەوە بەڕێوەبەری‌یان بکات"؛ لێرەدا پێویستە کە لە پێوەندی لە گەڵ شێوەی هەڵسوکەوتی بازار لە گەڵ سامانە سروشتی‌یەکان یاسای ناچارکەر دابنرێن. ئەوە ئەو یاسایانەن کە بازار قەت خۆی بە تەنیایی ناتوانێ دیاری‌یان بکات. ئەوان دەبێ لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سیاسیدا دیاری بکرێن، کە خاڵی دەستپێک لەوێدا ئەو باسەیە کە سروشت دەتوانێت چ شتێک تەحەممول بکات، نەک ئەوەی کە "بازار" ئامادەیە چ نرخێک بۆ ژینگەیەکی باش بدات.

هەڵبەت حاڵەتی وەهاش هەن کە مرۆڤ دەتوانێ بۆ بەرگری کردن لە ژینگە کەڵک لە میکانیزمەکانی بازار وەرگرێت، وەک دیاری کردنی نرخ بۆ چالاکی‌یەکانی خاپورکەر لە بواری ژینگەوە بە شێوەیەک کە هێندە گران بێت کە ببێتە هۆی ئەوە کە ئیتر ئەو کارە سرنج ڕاکێش نەبێت.

بەڵام ئەو نرخانە شتێک نین کە بازار خۆی بتوانێ دیاری‌یان بکات. ئەوە دەبێ لە دەرەوەی "بازار" بریاری بۆ بدرێت، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا.

لە گفتوگۆی سیاسی ئەمڕۆدا مەیلێک بۆ دانانی بازاری ئازاد و ئەو ئابووری‌یەی کە لە ڕێگای سیاسەتەوە بەڕێوە دەچێت لە دژی یەکتر هەیە، وەک ئەو دووانە دوو قەوارەی لە گەڵ یەک نەگونجاو بن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە پرسیاری ئەم یا ئەو نیە، بەڵکوو زۆرتر پرسیاری هەر دوو بە یەکەوەیە. بازاری ئازاد سیستەمێکی هەموار و کاریگەرە بۆ دەستەبەر کردنی داخوازی‌یەکان بۆ کەلوپەلی بەکارهێنان. بەڵام هەندێک جار چالاکیی سیاسی بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی‌یەکی دادپەروەرانە لە نێوان کڕیاران و بەرهەمهێنەران و لە نێوان گروپە جیاوازەکانی کڕیاراندا پێویستە، و ئەگەر بمان هەوێ بازار بە پێی پرینسیپەکانی خۆی کار بکات ئەوە شتێکی پێویستە.

هەندێک شت هەن کە بازار ناتوانێ بەرهەمیان بهێنێت. بۆ لەبەرچاو گرتنی پێویستی‌یە گرنگەکانی مرۆڤ، یاسای سیاسی بۆ کەڵک وەرگرتن لەو کەلوپەلەی کە بە چەندین هۆ پەتەی نرخیان پێوە نیە یا خود نابێ لە ڕێگای میکانیزمی نرخەوە دابەش بکرێن پیویستن.

سۆسیال دێموکراسی بە شێوەیەکی ئاسایی ئەوە بە ئابووریی تێکەڵاو ناو دەبات. و ئەوە مودێلێکە کە سۆسیال دێموکراسی لایەنگری لێ دەکات.

## دێموکراسی ئابوری

داخوازی‌یەکانی سۆسیال دێموکراسی لە ژیانی ئابووری زۆرجاران لە ژێر سەردیڕی "دێموکراسی ئابووری" کۆ دەکرێنەوە. ئەوە دەستەواژەیەکی گشتی‌یە بۆ چەندین داخوازیی جۆراوجۆر لە سەر شێوەی کار کردنی ژیانی ئابووریی لە چوارچێوەی ئابووری تێکەڵاودا. جگە لەوە ئەو داخوازی‌یانە لە چەندین پلەی جیاواز پێک هاتوون نەک تەنیا یەک داواکاری بۆ هەندێک ڕێگاچارەی دیاری کراوی ڕێکخراوەیی.

هەر وەک ئێمە لە پێشدا چەندین جار ئاماژەمان پێ کردووە، داخوازیی کلاسیکی بە نەتەوەیی کردن/بە کۆمەڵگا کردن پرسی دەسەڵات بوو: دەسەڵات بە سەر کۆمپانیا وەک تاک، ژیانی ئابووری و کۆمەڵگا. لە ماوەی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە کاتێک کە جوولانەوەی کرێکاری دەستی بە گەشەکردن کرد، خاوەندارێتی تاکیی دەسەڵاتی بەرچاوی لە هەموو ئەو بوارە جیا جیایانەدا دەستەبەر دەکرد. لە بەر ئەو هۆیە خاوەندارێتی لە ناوەندی ئەو ڕەخنەیە دا بوو کە لە لایەن جوولانەوەی کرێکاری‌یەوە پێشکەش دەکرا، و لەبەر ئەو هۆیە ئەو ڕێگا چارەی کە پێشنیار دەکرا نەهێشتنی خاوەندارێتی تاکیی بوو.

بەڵام لە ڕاستیدا کێشەکە نەک تەنیا بردنەوەی دەسەڵات لە سەرمایەدارەکان بوو، بەڵکوو هەروەها بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتیش بوو. ئەوە مەسەلەی دەسەڵات لە زۆر پلەی جیاواز دا بوو، دەسەڵاتێک کە نەدەبوو تەنیا لە کاناڵێکەوە بەکار بهێنرێت، بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ئەو کاناڵە لە هاندەری سوود کردنی تاکیی یا خود خاوەندارێتی دەوڵەتی پێکهاتبێ. بەشێک لەو دەسەڵاتە کە خاوەنەکانی ناوەندە گەورەکانی پیشەسازیی سەدەی ١٩ هەیان بوو، هەڵبەت دەبوو بگوێزرێتەوە بۆ ڕێکخراوە مەدەنی و دێموکراتیکەکان، لانی کەم لە ڕێگای ئەو ڕیفۆرمانەی کە لە بواری مافی دەنگدان هاتنە کایەوە، بە جۆرێک کە بەرژەوەندی‌تر جگە لە



بەرژەوەندی خاوەن سەرمایەکان کارتێکەری‌یان لە سەر پرۆسەی یاسا دانان و باج وەرگرتن هەبوایە. بەڵام دۆزەکانی‌تر بە هیچ شێوە هی گۆڕەپانی سیاسەت نەبوون. مەسەلەکە لەوێدا زۆرتر دابینکردنی سامانی زۆرتر بۆ کڕیاران بوو بۆ ئەوەی کە ئەوان بتوانن کاریگەریان لە سەر چەشنەکان و چۆنیەتی دابین کردنی کەلوپەل هەبێت. مەسەلەکە هەر وەها دانی دەسەڵات بە فەرمانبەران بوو تاکوو بتوانن کاریگەریان لە سەر مووچەکان و مەرجەکانی کار هەبێت.

داخوازی‌یە کلاسیکەکانی بە نەتەوەیی کردن لە ڕاستیدا زۆر زیاتر سنووردار بوون: ئەوان هیچ ڕێگایەکیان بۆ ئەو فرە چەشنی‌یەی (diversity) دەسەڵات نەهێشتبۆوە. لە ئابووری‌یەکدا کە بە تەواوی بە نەتەوەیی کرابوو قەرار وا بوو کە دەسەڵاتی مووچەخۆران، کڕیاران و هاووڵاتییان لە یەک هێڵەوە کانالیزە بکرێت، ئەوە شتێکە کە ئەنجامدانی مومکین نیە. شێوە جیاوازەکانی دەسەڵات ئامرازی جیاواز دەخوازن و ئەوە گرنگە کە هەموو شتێک بە باشی کار بکات، دەنا ئاکامەکەی لەوانەیە هەر وەک شێوەی سیستەمی سۆڤیەت ئەوە بێ کە هیچ شتێک کار نەکات.

دێموکراسی ئابووری مەسەلەی ئەو هەموو ڕێگا جیاوازانەیە بۆ دەستەبەر کردنی دەسەڵات و بریاردانی بە کۆمەڵ لە سەر بەرهەمهێنان و ژیانی کار. لە بەر ئەو هۆیە ئەو ناتوانێ لە چەند نەخشەی ساکاردا کەپس بکرێت. ئەوەش بە نۆبەی خۆی بەو مانایەیە کە دێموکراسی ئابووری وەک داواکاری‌یە سەرەتایی‌یەکان بۆ بە نەتەوەیی کردن بەهێز نیە، سەرەڕای ئەو ڕاستی‌یە کە لە بواری ناوەڕۆکەوە گەلێک لەو دەوڵەمەندترە.

بێ گومان بەشێکی گرنگ لە دێموکراسیی ئابووری دەسەڵاتی مووچەخۆرانە بە سەر مەرجەکانی کارەکەیاندا. ئەوە دەسەڵاتێکە کە دەبێ فەرمانبەران لە ڕۆڵی خۆیان وەک فەرمانبەر هەیان بێت، بە بێ ئەوەی کە لە ڕێگای کڕینی سەهام لە کۆمپانیاکانیان ڕێگایەکی دوورتر بۆ ئەو مەبەستە بگرنە بەر. بەڵام دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە بۆ کڕیاران و بەرگری لە بەرژەوەندی‌یەکانی ئەوانیش هەروەها بەشێکە لە دێموکراسیی ئابووری، هەر وەک دەسەڵاتی هاوڵاتییان بە سەر ئەو بەشانەی ژیانی کار کە بە گشتی بۆ پێوەندی‌یەکانی کۆمەڵایەتی گرنگن.

هەر بۆیە دەبێ دێموکراسیی ئابووری "لە زۆر پلە و بە شێوازی جیاواز" بەڕێوە بچێت، هەر وەک لە پێڕەو و پرۆگرامی سۆسیال دێموکراتەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

لە ئاستێکدا ئەوە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیی و مەدەنی‌یە. ئەوە هەم داخوازی‌یەکان بۆ هەندێک ئامرازی ئابووری بۆ کونترۆڵ و هەروەها کۆمەڵێک یاسای تایبەتی دەگرێتەوە: یاسای ژینگە و شوێنی کار، یاسای بریاردانی هاوبەش، ئەو یاسایانەی کە سەلامەتی بەرهەمەکان و زانیاری لە سەر بەرهەمەکان دەگرێتەوە ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەکن. دێموکراسیی ئابووری کە بناغەی تەنیا لە سەر یاساکانی کۆمەڵایەتی دانرابێت هەر وەک دێموکراسیی سیاسیی کە تەنیا لە سەر یاسا و کۆنترۆڵی دام و دەزگا گشتی‌یەکانەوە دامەزرابێت، ڕاگرتنیان دژوارە. ئەوە هەروەها مەسەلەی ڕەخساندنی دەرفەتی تاکیی‌یە بۆ خەڵک، بۆ بەکار هێنانی دەسەڵات و هەر وەها شان دانە بەری بەرپرسیاری، هەم وەک تاک و هەم وەک کۆمەڵ، وەک مووچەخۆر و وەک کڕیار.

لە هەندێک بواردا دەبێ دەسەڵاتی مووچەخۆران بە کۆمەڵ بەکار بهێندرێت، لە ڕێگای سەندیکای کرێکاری‌یەوە، لە لایەکەوە بەو هۆیە کە ئەوە مەسەلەی بەرژەوەندی‌یە هاوبەشەکانە و لە لایەکی‌تر چونکە ئەوە کردەوەی یەکگرتوویە کە هێزی دانوستاندن دەبەخشێتە مووچەخۆران. ئەو پسپۆرانەی کە ڕێژەی خوێندەواریان زۆر لە سەرەوەیە و زۆر داواکاری‌یان هەیە هەڵبەت دەتوانن بۆ وەدەست هێنانی مووچەی باشتر بۆ خۆیان دانوستاندن بکەن بەڵام پاقژکەر، جۆشکار و شاگرد دووکاندارەکان پێویستی‌یان بە یارمەتی سەندیکا هەیە.

بەڵام لە هەندێک بواردا کە وەک حاڵەتی سەرەوە گرنگن ئەوە مەسەلەی تاکە کە چۆن بتوانێت لە کارەکەی‌دا پێشکەوتن وەدەست بهێنێت و چۆن پانتای دەرفەتەکانی خۆی بۆ بەکار هێنانی دەسەڵات لە سەر کارەکەی بەرین بکات. ئەمڕۆ لە پێوەندیی لە گەڵ ئەو مەسەلەیەدا لە سوئێد جیاوازی زۆر بەرچاو لە ژیانی کاردا هەیە: هەندێک کار ڕێگای ئازادیی یەکجار زۆر و دەرفەتی بەرچاو بۆ گەشەکردن دەدەن؛ لە هەمان کاتدا ئەوانی‌تر یەک نەوان، ڕێگای زۆر کەم دەدەن بۆ گەشەکردن و زۆر بە وردی کۆنترۆڵ دەکرێن. ئەوە ڕوانگەی چەسپاوی سۆسیال دێموکراسی‌یە کە دەبێ ژیانی کار بە جۆرێک ڕێک بخرێت کە گشت کەس، بە بێ لە بەرچاو گرتنی پلە وپایە، دەرفەتی ئەوەی پێ بدرێت کە کاریگەریی لە سەر کاری خۆی هەبێت، ڕێگای گەشەکردن و بردنە سەری پلە و پایەی پێ بدرێت.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# " گوناحە، حەرامە، عەیبە"

لوقمان زەهرایی

**بە دەیان خۆشەویست و ئەویندار نەیانتوانیوە لەبەر "عەیبە، گوناحە، حەرامە" تەنانەت دەستیان وەدەستی یەکتر بکەوێ. بە دەیان ئینسان لە سەر ئەو سێ وشەیە کوژراون، حوکمی ناڕەوایان لە دژی دراوەو سزای زۆر توندیان دیوە. کچ بە دەستی باب و براو خزم و کەس و کار کوژراوە، تاکوو بە قەولی خۆیان "پەڵەی ڕەشی نامووسی" لە داوێنی خۆیان بسڕنەوە.**

گۆڕانی وەرزەکان و تێپەڕ بوونی کات، تێپەڕینی زەمان و تەمەن بەشی گرینگ و سەرەکیی ژیانی مرۆڤەکان لە جیهانی هەستیدا پێك دەهێنن و لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە ئەوەی لەدەورو بەری مرۆڤ و لە سروشتدا روو دەدا دووپات بوونەوەی یەك لە دوای یەکە. بەو واتایە کە سروشت هەرگیز نامرێ، بەڵکوو دووپات بوونەوەی وەرزەکانە لە ١٢ مانگی ساڵداو لە راستیدا ئەوە سروشت نیە کە ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێ، بەڵکوو ئەوە مرۆڤە کە هەر رۆژ پەڕێك لە دەفتەری ژینی ڕەش دەبێتەوەو ساتێك لە تەمەنی کەم دەبێتەوەو پلەیەك لە پیر بوون و مەرگ نزیك دەبێتەوە. ئەوەی راستی بێ لەگەڵ هەر مەرگێك دا لە دایك بوونێکی نوێ دەست پێدەکاو لەگەڵ هەر نوێ بوونەوەیەکیش مەرگێك لە دایك دەبێ. بەڵام جیاوازیی نێوان مرۆڤ و سروشت لەوە دایە کە لەگەڵ ئەوەی ژیانی ئینسانەکانی کاتێکی دیاری کراوەو هەر کەس بە نۆرەی خۆی دەڕواو دونیای ماددی بەجێ دەهێڵێ و بە لە دایك بوونی ژیانێکی نوێ مەرگێکی تازە لە دایك دەبێ. بەڵام سروشت وانیە. بەو واتایە کە سروشت تەنیا دووپات بوونەوەی وەرزەکانە نەك پیربوون و مردن بە یەکجارییان. یانێ بەهار هەمیشە هەر وەك خۆی دێتەوە، سەوزو جوان و شۆخ و شەنگەو زستانیش بە بەفرو سەرما پێناسەی بۆ دەکرێ. بەڵام کاتێك ئینسانێك لە دایك دەبێ لەگەڵ ئینسانێکی دیکە لە بواری رەنگ و روخسار جیاوازەو کاتێکیش کە مرد، ئەو مرۆڤەی کە لە دایك دەبێ وەکوو ئەو مرۆڤە مردووە ناچێ بە ڕەنگ و روخسار. هەر چەند ئینسانەکان دەزانن کە ژیانی دونیایی ژیانێکی کاتییەو بۆ کەس تاکوو سەر نیە، بەڵام بەو حاڵەش لە کۆمەڵگە ئینسانییەکاندا مرۆڤەکان بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوە دان کە فێڵ لە یەکتر بکەن و کڵاو لەسەر یەکتر بنێن و درۆ لەگەڵ یەکتر بکەن. بە دایم لە پشتەسەر قسە کردن و غەیبەتی ئەم و ئەو کردن، هەوڵ دان بۆ دەرکردنی کەسانی "نەیار" لە مەیدان و یان ئەوەندەی بکرێ لاواز بکرێن. بوختان و سووکایەتی و تانەو تەشەر بە نیسبەت کەسانی ناخۆشەویست بۆتە شتێکی ئاسایی و جێگای یەکتر گرتنەوەو دڵپیسی و حەسادەت و چاو پێی هەڵ نەهاتن بە پێشکەوتنی دەرو جیران و خزم و دۆست و برادەر بۆتە ناسنامەی مرۆڤی سەر گۆی زەوی و ئەوە تایبەت بە گەلێك و کۆمەڵگەیەکی دیاری کراو نیەو لە راستیدا لە هەر شوێنێکی ئەو کورە خاکییەدا کە مرۆڤی لێ دەژی، ئەو جۆرە کردەوانەو ئەو شێوازە بیرکردنەوانە هەیەو هیچ کەس ناتوانێ حاشا لەو مەسەلەیە بکا. کۆمەڵگەکان بە پێی کولتوور، رەنگ، زمان، رەگەز، ئایین، خاك و مێژوو دابەش کراون و هەر کامەیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بەڵام ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسم کردن لە تەواوی کۆمەڵگە جۆراوجۆرە ئینسانیەکاندا هەیەو بەشێکە لە ژیانی رۆژانەیان. کە باس لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان دەکەین خۆشمان لە نێو ئەواندا دەبینینەوەو بەشێکی پێکهێنەری ئەو کۆمەڵگەیانەین. لەو کۆمەڵگەیانەدا کە لە بواری سیاسی بە "جیهانی سێهەم" ناسراون داب و نەریتە سووننەتییەکان دەورو رۆڵی زۆر سەرەکی دەگێڕن و لە راستیدا هۆکارگەلێکی زۆرن کە پێشی پێشوەچوونی ئەم کۆمەڵگەیانەیان گرتووە. ئەگەر روونتر بڵێم لەو کۆمەڵگەیانەدا سێ وشە کە زۆر جار کەڵکی زۆر خراپیان لێ وەردەگیرێ و کرداری زۆر دژە ئینسانییان لێ دەکەوێتە بوونەتە بەردی بناخەی ژیانی ئینسانەکان و هۆکارێکن بۆ رووخان و داڕمانی کەسایەتیی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، جا فەرق ناکا چ پیاو بێ چ ژن. ئەم سێ وشەیە بریتین لە:" عەیبە، گوناحە، حەرامە" بوونەتە هۆی خولقانی تراژیدیای زۆر گەورە لە ژیانی ئینسانەکاندا. ئەو سێ وشەیە پڕ لە کێشەو کێشە خولقێنن کە تایبەت بە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتن کە کوردیش لێی بێبەری نیەو تەنانەت پڕ کارەساتترین و تراژیدیترین رووداوەکانیان لێ دروست بووە. ئەو کارەسات و رووداوانە لە نێو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی کوردیش‌دا رەنگی داوەتەوە کە چلۆن بە دەیان خۆشەویست و ئەویندار نەیانتوانیوە لەبەر "عەیبە، گوناحە، حەرامە" تەنانەت دەستیان وەدەستی یەکتر بکەوێ. بە دەیان ئینسان لە سەر ئەو سێ وشەیە کوژراون، حوکمی ناڕەوایان لە دژی دراوەو سزای زۆر توندیان دیوە. کچ بە دەستی باب و براو خزم و کەس و کار کوژراوە، تاکوو بە قەولی خۆیان "پەڵەی ڕەشی نامووسی" لە داوێنی خۆیان بسڕنەوە. کچیان بە زۆر بە شوو داوەو نەیان هێشتوە بە ئارەزووی خۆی شوو بکا، ئەگەر کچەش دژایەتیی کردوەو ئامادە نەبووە ئەو مەسلەتە ناموبارەکە کە باب و براکانی لە جیاتی ئەو کردوویانە



قەبووڵ بکا، بنەماڵەکەی بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان تووشی "شەرمەزاری و عەیبە" نەبن، قسەی خۆیان بردۆتە سەر. یانێ ئەوان بەختەوەریی کچەکەیان بۆ گرینگ نەبووەو بیروڕاو هەست و ئێحساسی ئەویان لەبەر چاو نەگرتوە، تەنیا مەبەستیان بە ئەنجام گەیاندنی بەڵێنەکەی خۆیان بووە کە بەبێ ئاگاداریی کچەکە بە لایەنی بەرامبەریان داوە. کچی رەدووکەوتوویان سەر بڕیوە تاکوو پەڵەی "گوناح و حەرام و عەیبە" لە داوێنی تایفەیان بسڕنەوە. هەرگیز لە هۆکاری رەدوو کەوتنەکەیان نەکۆڵیوەتەوە، تەنیا ئاکامەکان بۆ وان گرینگ بووەو لەسەر ئەو بڕیاری کۆتاییان، کە زۆریش نائینسانی و ناڕەوا بووە، داوە. زۆر داب و نەریتی دیکەش هەن کە لە سەر کۆمەڵگە بوونەتە ماڵ، بەبێ ئەوەی هۆکاری دروست بوونیان و مێژوویان بۆ کەس ڕوون بێ. کەس خۆی ماندوو ناکا کە بە شێوەیەکی زانستی لە هۆکارە سەرەکییەکانی بکۆڵێتەوە. لە نێو کورداندا لاق ڕاکێشان لە مەجلیس‌دا" عەیبە". ئەگەر کەسێك لاق ئێشەشی هەبێ لەبەر قسەی ئەم و ئەوو تانەو تەشەری دەوروبەر ناوێرێ لە نێو مەجلیسێك دا لاقی راکێشێ و دەبێ تاکوو دەڕوا لاقەکانی لە بن خۆی خڕکاتەوە. ئاخر بڵێ ئەو لاقە ماندوو دەبێ، دەتەزێ، شل دەبێ، پێویستی بە حەسانەوە هەیەو لە هەمووی گرینگتر پێویستە خوێن لە دەمارەکانیدا بگەڕێ. تەنانەت منداڵیش بۆی نیە لاقی درێژ بکا یان درێژ بێ، ئەو کارە بۆ باب و دایکی منداڵەی زۆر "عەیبە". لە مەجلیسدا ئەگەر پوتێك چڵمت لە کەپۆدا بێ و هەناسەت نەیەتە دەر بۆت نیە لەبەر چاوی خەڵکەکە کەپۆت خاوێن کەیەوە، بۆ؟ چونکە "عەیبە". منداڵی قوڕ بەسەر ئەگەر زگی بتەقێ بۆی نیە لە مەجلیس‌دا بای لێ بێتەوەو دەبێ خۆی رابگرێ و یان بڕواتە دەرەوە. ئەگەر بای لێ بێتەوە، ئەوە" عەیبێکی" زۆر گەورەیەو ئەو منداڵە" تاوانێکی گەورەی کردوە. مێرمنداڵ بۆی نیە لە مەجلیسدا قسە لە قسەی پیاوان بکاو رێگای پێ نادەن بیروڕای خۆی دەربڕێ، بۆ؟ چونکە "عەیبە". بۆت نیە باس لە ئایین و مەزهەب بکەی و پرسیار لەسەر چۆنیەتیی دروست بوونی سروشت و گەردوون بکەی، بۆ؟ چونکە "گوناحە". ئەو کارە دەست تێوەردان لە کاری خودایەو ئینسان بۆی نیە قەرەی لە قەرەی باسی وا بدا. کاتێك کەسی موسوڵمان لە ئاودەست خۆی دەشواتەوە دەبێ بە دەستی چەپ خۆی بشواتەوە، بە دەستی راستی "حەرام و گوناحە". ئەگەر بش پرسی بۆ، وڵامیان پێ نیە! لە مانگی رەمەزاندا دەبێ حەتمەن بەڕۆژوو بێ، دەنا هەم "گوناحێکی کەبیرەیەو هەمیش عەیبێکی گەورەیە". بۆ؟ چونکە لەسەر موسوڵمان فەرزە بە رۆژوو بێ! رۆژوو گرتن بۆچی باشەو لایەنە باشەکانی چن؟ رۆژوو نەگرتن بۆ خراپەو لایەنە خراپەکانی چن؟ زۆر جار وڵامێکی دروست و زانستییانەت دەست ناکەوێ! نوێژ کردن دەبێ بە زمانی عەرەبی بێ، باشە بۆ نابێ نوێژو عیبادەت کردن بە زمانی کوردی بێ؟ ئایا بی زمانی کوردی خوداپەرەستی ناکرێ؟ یان دوعاو نوێژەکەمان قەبووڵ نابێ؟ لە وڵامدا تەنیا ئەوە دەبیسی کە قورئان بە عەرەبی بۆ پێغەمبەر هاتووەو بۆیە"گوناحە" عیبادەتەکە بە کوردی بکرێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە نوێژ دەکەن لەبەر ئەوەی بێسەواد یان کەم سەوادن لە مانای ئەو وشانە ناگەن کە بە عەرەبی دەیلێنەوە لە کاتی نوێژو دوعا کردن و پاڕانەوەدا کە روویان لە خودای خۆیانە هەرە زۆریان وشەکانیان لەبەر کردوەو دەیلێنەوە، تەنانەت ئی وایان هەیە کە بە هەڵەش وشەکان دەڵێتەوە. دەکرێ بپرسین ئەی خودا پەرەستی، ئەگەر گێلانەو نەفامانە بکرێ"گوناح"نیە؟ ئەگەر لەو وشانەی کە دەیلێنەوە تێ ناگەیەن "عەیب" نیە؟

# پەیڤ

# تاکی کورد لە نێوان کۆیلەتی و ئازادیدا

محەممەد عزیزیان

بابەتێکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەو سیستمە سیاسی‌یانەی چوار دەوری ئێمەیان گرتوە خراپترین و تاریکترین جۆری سیستمی سیاسی و کولتووریی جیهانن. کە هەر هەموویان خۆیان بە خاوەن رابردوویەکی پڕشکۆ دەزانن کە داگیرکەرانی کوردستان، لووتکەی بەرزی ئەم مێژووە پڕشانازییەیانە.

سەرەکی‌ترین ئامانجی هاوبەشی هەموو ئەو هێزانە جگە لە داگیرکردنی خاك و نیشتمانمان، داگیر کردنی بیرو هزری تاکی کوردە. واتە دروست کردنی کاراکتەرێکی لاوازو بێ‌ئیرادەو کۆیلەیە لە تاکی کورد. دیارە ئەو هێزانە بە شێوەیەکی ترسناك و جیددی لە رێگای پرۆسەیەکی درێژخایەن و سیستماتیکەوە لە هەوڵی پراکتیزەکردنی ئەم مەبەستەدا بوون. بۆیە ئێستاکە دەبینین عەقڵییەتی ترادسیۆنگەراو فاشیستیی ئەم هێزانەیە کە بە داخەوە باندۆرێکی نێگەتیڤی لەسەر مێتۆدی بیرکردنەوەی تاکی کورد بەجێ هێشتوە.

جگە لەمەش ئەوەی زیاتر جێگای داخە ئەم مێتۆدە لە بیرکردنەوە گوازراوەتەوە بۆ نێو پارتە سیاسییە کوردییەکانیش کە خۆیان بە ئاڵترناتیڤی ئەم سیستمە تاریکانە دەزانن و ستراتیژیی سەرەکیی هەر هەمووشیان رزگاری و ئازادیی مرۆڤی کوردە. واتە ئێستاش لە نێو بەشێك لە پارتە سیاسییەکان‌دا هێندێك رێبەر هەن کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات خەریکی دروست کردن و کۆکردنەوەی تاکی کۆیلەن ( تاکی کۆیلە واتە تاکێکی گوێڕایەڵ، ملکەچ و ناسەربەخۆ لەباری فکرییەوە) ئەم رێبەرانە لە لایەك خۆیان وەك کەسایەتییەکی کاریزما نیشان دەدەن و خۆیان دەکەن بە قارەمانی کایە سیاسییەکانی نێو حیزب و وڵات و لەگەڵ دەربڕینی هەر رستەیەك چاوەڕێی چەپڵەرێزان و گوڵبارانن لەلایەن بەدەنەکەیان و لەلایەکی دیکەش لە هێندێك فاکتەری سواو، دواکەوتووانە کەڵك وەردەگرن کە کار دەکاتە سەر هەست و بیرکردنەوەی بەدەنەکەیان وەك زاراوەگەرایی و ناوچەگەرایی و ...... تا بەو جۆرەی کە خۆیان دەیانهەوێ لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان، واتە سەربەخۆیی فکرییان لێ دەستێننەوە، بەم چەشنە لەباری فکرییەوە کۆیلەیان دەکەن.

لێرەدایە کە دەبینین ئەو مێتۆدو شێوازەی کە نەتەوەی باڵادەست کاری پێ‌دەکا، لەلایەن خودی نەتەوەی ژێردەستەوە بەکار دەهێندرێ. لە جێگای ئەوەیکە نەتەوەی ژێردەست بەرپەرچی ئەم جۆرە مێتۆدە بداتەوە.

بۆیە دەبێ رووناکبیران و پارتە سیاسییە کوردییەکان کاریان هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی نەتەوەی باڵادەست بێ. واتە ئازادکردنی مرۆڤی کورد لە کۆیلەتی و دروست کردنی کەسایەتییەکی سەربەخۆو خاوەن فکر لە تاکی کورد. نەك ئەوە کە ببن بە بەشێك لە پرۆژەی نەتەوەی باڵادەست.

لە کۆتاییش‌دا دەبێ بڵێین دروست کردنی کاراکتەرێکی ئازادو سەربەخۆ لە مرڤی کوردو گەیشتن بە مافە دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانێکی دیموکرات‌دا تەنیا مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە، بەڵکوو بەشێکە لە پرۆسەی تێکشکانی ئەو خواستە کۆنەپەرەستانەیە کە فاشیزمی ئایینی و شۆڤێنیزمی دەوڵەتەکانی ناوچە هەوڵی بۆ دەدەن.

# ٢٢ی جۆزەردان، ڕۆژی هاوپێوەندیی ژنانی ئێران

کوێستان فتووحی

**سەرەڕا ی هەموو فشارو ڕێگرتنێك، ژنان وشیارانە هەوڵ دەدەن بەسەر ئەو کۆسپانەدا سەرکەون و بە خۆڕاگری و کۆڵ نەدان و سەبرو تەحەمولی خۆیان سەلماندوویانە لەسەر داواکانیان کە مافی بەرابەرە لەگەڵ پیاوان، هەروا شێلگیرن و بە هیوایەکی زیاترەوە خەباتەکەیان بەرەوپێشەوە دەبەن.**

٢٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٤ لە تاران ژنان بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین دژی یاسا پڕ لە جیاوازییەکانی وڵات، کۆبوونەوەیەکی گەورەو بەرینیان لەبەر دەرکی زانکۆی تاران وەڕێ خست. ئەو کۆبوونەوە بەرینە بەبەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و دەستەو گرووپی جیاوازی فیکریی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەڕێوەچوو. ئەوان بە هەموو جیاوازییە فیکرییەکانیانەوە کۆبوونەوە تا بە دەنگی یەکگرتووی خۆیان هاوار بکەن و بە دەسەڵاتدارانی ئێران بڵێن: ئێمە ژنین، ئینسانین، هاووڵاتی ئەم وڵاتەین، بەڵام مافمان نیە".

ساڵێك دواتر هەر لە ڕۆژی ٢٢ی جۆزەردانداا ژنان لە مەیدانی ٧ی تیری شاری تاران بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ساڵرۆژی هاوپێوەندییەکەیان و سوورتر بوون لە سەر خواستەکانیان واتە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە یاساکانی وڵاتدا، ڕێپێوانێکی ئارام و مەدەنییانەیان وەڕێ خست، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە بێبەزەییانە هێرشیان کرایە سەرو بە بیانووی پاراستنی ئەمنییەتی وڵات، ئەم ڕێپێوانەیان سەرکوت کرد، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بریندار کران و ژمارەیەکی زۆریشیان ڕەوانەی زیندانەکان کران و خرانە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو دواتر پەروەندەی ئەمنییەتییان بۆ دروست کرا.

**ئازارو سەرکوت نەبووە هۆی پاشەکشە لە خواستەکانیان**

ئەم دەورە لە سەرکوت و ئازاری ژنان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە نەبووە هۆی پاشەکشەی ژنان لە خواستەکانیان، بەڵکوو بوو بە هۆی زیاتر پەرەسەندنی نارەزایەتییەکانی ئەوان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازانە کە ئەمڕۆ بۆ جیهانیان ناسراوە. هەر لە لە نێو دڵی ئەو هاوپێوەندییەدا بوو کە کەمپەینێکی گشتی بە ناوی "کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا" وەڕێ خرا. ئەو کەمپەینە کە ئامانجی کۆکردنەوەی ئیمزا بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە یاساگەلی پڕ لە جیاوازیی و دژ بە ژن بوو، تێکۆشانی خۆی لە هەموو شوێنێکی وڵات دەست پێکرد. دیارە کۆکردنەوەی ئیمزا بەو مەبەستە دەتوانێ ئامرازێك بێ بۆ گەیشتن بە ئامانج. دیارە ئەوەش دەزانین ڕێژیمی ئیسلامی لە ماهییەتی دا نیە گوێ بۆ دەنگو رای خەڵك رابگرێ، ئەو ئامرازەش هەرچەند کات و هێزی زۆری دەوێ، بەو حاڵەش توانیویەتی ببێتە هۆی وشیارکردنەوەی گشتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتایبەتی ژنان لە پێوەندی لەگەڵ مافە ئینسانییەکانیان.



ئەمەش بە پێچەوانەی نیازەکانی ڕێژیمێکی دواکەوتووی لایەنگری سیستمی پیاوسالارییە، چونکە وشیاریی ژنان دەبێتە هۆی لاوازیی ئەو سیستمە.

چالاکان و ڕێکخەرانی کەمپەین بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندیی لەگەڵ ژنانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەگرن و پێش ئەوەی ئیمزایان لێ وەربگرن، بە ئاشکراو روونی باسی کێشەو گرفتە یاساییەکانیان بۆ دەکەن. بۆیە ئەمە دەتوانێ بۆخۆی پرۆسەیەکی وشیارکردنەوەو فێرکردنیش بێ.

**دەسکەوتەکانی کەمپەینی بزووتنەوەی ژنان**

دەتوانین بڵێین ئاگاکردنەوەی چین و توێژەکانی خەڵك لە مافە ئینسانییەکانی ژنان، دەسکەوتێکی بەنرخی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزایە. یەکێکی دیکە لە دەسکەوتەکانی ئەو بزووتنەوەیە، زیاتر ناساندنی بزووتنەوەی مافخوازیی ژنانی ئێران بە کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤو بزووتنەوە فیمینیستییەکانە. خەباتی سەختی تێکۆشەرانی بەشدار لە کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزاو سووربوونیان لەسەر گۆڕینی یاسا پڕ لە نابەرابەرییەکان بووە هۆی ئەوە کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤپارێزەکانی جیهان چەندین خەڵاتی بەناوبانگ پێشکەش بە سیما دیارەکانی ئەوان بکەن و بەم جۆرە هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ژنانی ئێران ڕابگەیەنن. ئەمەش بۆتە هۆی ڕیسوایی زیاتری ئەو ڕێژیمە وەك پێشێلکاری مافە ئینسانییەکانی خەڵك لە دنیای دەرەوەدا. هەرچەند ئەو دەسکەوتانە بە بەراورد لەگەڵ خواستەکانی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دا، واتە تا گەیشتن بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە یاساکاندا مەودایەکی زۆری هەیە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی نێوەرۆك و ڕەفتاری دەسەڵات لە ئێراندا بۆ ژنان زۆر بەنرخن.

**کێشەو کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئەو بزووتنەوەیە**

ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر فشار دەخرێتە سەر تێکۆشەرانی ژنان و مەیدانیان لێ تەنگ دەکرێتەوە. گەورەترین کێشەی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، کێشەی ئەمنییەتییە. چووکترین جووڵانەوەی مافخوازی لە ئێران، بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵات، لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆنەپارێزەوە سەرکوت دەکرێ. ڕاگەیەنەکانی ژنان کە گۆڤارو سایتە ئێنتێرنێتییەکانن یەك لەدوای یەك دادەخرێن و فیلتێر دەکرێن. گرنگترین تریبوونی ژنانی ئێران گۆڤاری "زنان" بوو کە ئەمساڵ ئەویش مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی لێسەندرایەوە. کۆمەڵێك لە ژنانی چالاکی بزووتنەوەکە گیراون و پەروەندەی ئەمنییەتییان بۆ دروست کراوەو تۆمەتی شێواندنی ئەمنییەتی وڵاتیان خراوەتە پاڵ و هەر ڕۆژە بە بەهانەیەك ڕاکێشی دادگایان دەکەن و حوکمی ناعادیلانەیان بە سەردا دەسەپێنن. شەلاق و زیندانی بۆتە بەشی ئەو ژنانە ئەویش کە تەنیا بەو تاوانە کە نایانەوێ واز لە لە مافە ڕەواکانی خۆیان بێنن.

سەرەڕا ی هەموو فشارو ڕێگرتنێك، ژنان وشیارانە هەوڵ دەدەن بەسەر ئەو کۆسپانەدا سەرکەون و بە خۆڕاگری و کۆڵ نەدان و سەبرو تەحەمولی خۆیان سەلماندوویانە لەسەر داواکانیان کە مافی بەرابەرە لەگەڵ پیاوان، هەروا شێلگیرن و بە هیوایەکی زیاترەوە خەباتەکەیان بەرەوپێشەوە دەبەن.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

## ماڵداری

housework

بیردۆزەی فیمینیستی، یەکەمین بیردۆزەی کۆمەڵایەتییە کە بۆی دەرکەوتوە ماڵداری (کاری نێو ماڵ) لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و جنسییەتییەکان دا پرسێکی یەکلاکەرەوەیە. کۆمەڵناسانی فیمینیست، چییەتیی دووپاتبۆوەی ماڵداری شی دەکەنەوەو ماڵداری و کاری بەردەوام لە کارخانە وەك یەك چاو لێ دەکەن. چونکە هەردووکیان پێویستیان بە دابەشکردنێکی کار هەیە. بەڵام لەوەش زیاتر ماڵداری ژنان ناچار بە پشتیوانی لە پیاوان و هەروەها پشتیوانی لە سەرمایەداری دەکا. هەر بۆیە ماڵداری، نموونەیەکی بنەڕەتی لە دابەشینی کار لەسەر بناغەی جنسییەت و سەرکوتی بەتایبەتی ژنانە (١٩٨٢, oakley)

فیمینیزمی لیبراڵ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ماڵداری [کارێکی] نادادپەروەرانەیە، چونکە قانوون، بایەخی کاری نێوماڵ بە ڕەسمی ناناسێ. فیمنیستە مارکسیستەکان ژنانی ماڵدار وەك ئەرتەشی زەخیرە (سوپای ئیحتیات) بۆ کار ناو دەبەن و، فیمینیستە ڕادیکاڵەکان دەڵێن ماڵداری هەمیشە هەر کاری ژنانە، هەر بۆیە دەبێ سەرجەمی نەهادی ژن و مێردایەتی بچێتە ژێر پرسیار (Delphy, ١٩٨٤).



هەموو بیردۆزە فیمینیستییەکان، ماڵداری بە یەکێك لە میتۆدە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی پیاوسالاری دەزانن. بۆ نموونە، پت ماینارد دەڵێ پیاوان بۆیە لە بەشداری لە کاری نێوماڵ دا خۆ دەبوێرن چونکە چییەتی ئەو کارە بە دووپاتەو ڕەنجەڕۆیی تێ دەگەن (Mainard ,١٩٧٠).

کەوابوو باسی ماڵداری لەسەر چەمکەکانی کاری بەرهەمهێنەرو بێبەرهەم چڕ دەبێتەوە. هێندێك لە تیۆر داڕێژان دەڵێن دەکرێ ماڵداری لە چوارچێوەی خۆیدا وەك کاری بەرهەمهێنەر ڕاڤە بکرێ و، هێندێکی دیکەش وەك داللا کۆستا ـ دەڵێ ماڵداری بەشداریی ڕاستەوخۆیە لە کاری منداڵ بەرهەمهێنان دا (١٩٧٥, Dalla costa & tames). داللا کۆستا دەڵێ بەرنامەی خەباتخوازانەی ئەو ـ هەقدەست لە بەرانبەر ماڵداری دا ـ دەیتوانی کێشەی ماڵداری چارەسەر بکا. فیمینیستەکانی دیکە لەگەڵ ئەمەدا نین و دەڵێن ماڵداری لە بەرانبەر هەقدەست دا، ژنان دەخاتە پەڕاوێزەوە، بنەماڵە بچووکەکان (ناوکی-یەکان) پتەو دەکاو هیچ کارێك بۆ چارەسەری گرفتی دابەشکردنی کار لەسەر بناغەی جینسییەوە، ئەنجام نادا (Lopata ,١٩٧١).

کێشەی ماڵداری بەشێکی گرنگ لە بیردۆزەی کۆمەڵایەتیی فیمینیزم پێك دێنێ. لك و پۆو پانتایی باسەکانی پێوەندیدار بە ماڵداری لە ڕوانگەی دژبەرانەی [سیمون] دووبووارەوە هەمبەر بە ماڵداری لە [کتێبی] جنسی دووهەم دا (١٩٥٣) تا ئەو ڕوانگانەی ماڵداری وەك پێگەیەکی کولتووریی ژنان کە بەردەوامیی تێدایە، سەیر دەکەن، دەگرێتەوە.

سەرچاوە: کتێبی فرهنگ نظریە-های فیمینیستی لاپەرەی ٢١٣

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 488   19 June  2008

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوو تۆیی کتێبێکی ٢٠٥ لاپەڕەیی دا  چاپو بڵاو بۆتەوە




ئەم کتێبە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکرات واتە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چاردەیەم، بڕیارنامەی کۆنگرەی چاردەیەمو پەیامەکانی کۆنگرەو ئەو پەیامانەی کە لەلایەن حیزبو رێکخراوو کەسایەتدیەکانەوە بۆ چاردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتوون لە خۆدەگرێ .

هەروەها بەرنامەو پەیڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەوارەی بچووک دا چاپو بڵاو بۆوە.




چاپی نوێی کتێبی پەنجا ساڵ خەبات بەرگی یەکەمو دووهەم لە نووسینی بەڕێز جەلیل گادانی چاپو بڵاو کرایەوە

## ماڵاوایی یەکجاریی دوکتور ئیحسان فواد



رۆژی ٢٠٠٨/٦/١ دوکتور ئیحسان عەبدولکەریم محەممەد فوئاد لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دوکتور ئیحسان فوئاد، مامۆستای زانکۆکانی بەغداو سەلاحەدینو سلێمانی بوو. لە رێگای خزمەتە زانستییەکانو توێژینەوەی ئەدەبیو زمانەوانیەیەوە، لە خزمەتی زمانو ئەدەبی نەتەوەکەی درێغی نەکرد.

دوکتور ئیحسان هەر لە دەیەی حەفتای زایینییەوە، لەگەڵ رێبەرانو تێکوشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە بە دۆستو هەتا کاتی ماڵاوایی یەکجاری لە ژیان، دۆستێکی بەنرخو خۆشەویستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

لە رێورەسمی پرسەی ئەو کەسایەتییە زانستیو ئەدەبییەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادەو کاک کەماڵ کەریمی لە شاری سلێمانی بوونو لە نزیکەوە پرسەو هاودەردی خۆیانو حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە بنەماڵەو خۆشەویستانو ئۆگرانی ئەو نەمرە راگەیاند.

## بڵاو بوونەوەی "بەرگ سپییەکان" یان کتێب به نهێنی لە ئێراندا

بە هۆی سانسۆری رێژیمی ئیسلامیی ئێران دیاردەیەك بە ناوی "بەرگ سپی-یەکان" لە ئێراندا پەرەی گرتوە. ئەم دیاردەیە بریتیيە لەوەی ئەو کتێبانەی لە دەرەوەی وڵات چاپ دەبنو لە ئێراندا قەدەغەن بە شێوەی نهێنی لە ئێراندا چاپو بڵاو دەبنەوەو لە تارانو شارەکانی دیکەو دەیان هەزار بەرگیان لێ دەفرۆشن.

ئەوە لە حالێك دایە کە دەزگاکانی چاپو بڵاو کردنەوە ناتوانن تەنانەت سەد دانە لە کتێبو چاپکراوەکانی خۆیان لە شارەکان دا بفرۆشن، ئەم جۆرە کتێبانە بە شێوەیەکی ئاوا بەر بڵاو دەفرۆشرێن. هێندێك لەو کتێبە قەدەغە کراوانە بریتین لە "بوف کور"ی سادقی هیدایەت بە سانسۆر نەکراوی، بیرەوەرییەکانی فەرەحی پەهلەوی خێزانی شای کۆچکردوو، کتێبەکانی شجاع الدین شفا کە قەدەغەنو لەلای خەڵك خوێنەریان هەیە.

## نیویۆرك: پێداچوونەوەی بەرهەمەکانی بەهمەن قوبادی دەکرێ




پێداچوونەوەیەك بۆ بەرهەمە سینەماییەکانی بەهمەن قوبادی لە مۆزەخانەی هونەرەکانی هاوچەرخی مۆماو زانکۆی کەلگیتی هامیلتۆن لە نیۆیۆرك لە وڵاتی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت.

بەپێی راپۆرتی بەشی هونەریی ماڵپەڕی هەواڵی "پەیامنێر" لە کۆمپانیای "مژفیلم" ەوە، پەنجاوچوارەمین خولی سیمیناری فیلمی "رابرت فلاهێرتی" کە لە زانکۆی کەلگیتی هامیلتۆن لە نیۆیۆرك بەڕێوەدەچێت، ئەمساڵ لە رۆژی ٢١ی ژوئەنی ٢٠٠٨ رێکەوتی (١ی پووشپەڕی ١٣٨٧) بۆ ماوەی یەك هەفتە درێژە بە کارەکانی دەدات، سینەماکاری کورد بەهمەن قوبادی بە تەواوی بەرهەمە کورتو بڵندەکانی لەوانە: "کیسەڵەکانیش دەفڕن"، "کاتێك بۆ مەستیی ئەسپەکان" لەم سیمینارەدا ئامادە دەبێت. بەهمەن قوبادی لە دوای نمایش کردنی هەر یەکە لە فیلمەکانی لەگەڵ خوێندکارانو هۆگران سەبارەت بە فیلمەکانی دێتە ئاخاوتن.

فلاهێرتی سیمینارێکی سەربەخۆیە کە لە ساڵی ١٩٥٤ دامەزراوە. هەر ساڵە نزیکەی ١٥٠ کەس لە سەرانسەری جیهانەوە لەم سیمینارەدا بەشداری دەکەن. فلاهێرتی دەزگایەکی زۆر بێوێنەو تایبەتە کە پشتیوانی لە ئیدەکانی دیکۆمێنتیو سەربەخۆ دەکات.

هاوکات لەگەڵ ئەو سیمینارە، مۆزەخانەی هونەرەکانی هاوچەرخی "مۆما" پێداچوونەوەیەکی بۆ سەرجەمی بەرهەمەکانی بەهمەن قوبادی دەبێت. مۆزەخانەی "مۆما" هەر ساڵە بەرهەمەکانی ژمارەیەك لە باشترین دەرهێنەرەکانی دنیا نمایش دەکاتو ئەمساڵیش بەرهەمەکانی بەهمەن قوبادی بە ئامادەبوونی ئەم هونەرمەندە لەم  مۆزەخانەیەدا نمایش دەکرێت.




**بەر لەماڵاوایی**

## فرمێسکێك بۆ مەرگی ناوەختی مامۆستای خۆشەویست هیدایەت عەبدوڵلا حەیران

قادر وریا

ژووئەنی ئەم ساڵو لە ماوەی کەمتر لە یەك حەوتوودا، زمانو ئەدەبی کوردی دوو خەمخۆرو خزمەتکاری دڵسۆزی خۆیان لە دەست دا. لە یەکی ژووئەن دا دوکتور ئیحسان فوادو لە شەشی ژووئەن دا دوکتور هیدایەت عەبدوڵلا حەیران ماڵئاواییان لە ژیان کردو دۆستانو ئۆگرانو قەدرزانانی خۆیان لە نێو خەمو ماتەم دا بەجێهێشت.

ئەگەرچی مەرگی دوکتور ئیحسان فوادیش بەبۆنەی خزمەتەکانی بە ئەدەبی کوردیو بەو هۆیەوە کە چەند جارێك لە نزیکەوە بە خزمەتی گەیشتبووم، بۆ من خەبەرێکی ناخۆش بوو، بەڵام نایشارمەوە کە هەواڵی مەرگی دوکتور هیدایەت پتر ماتەمباری کردم. ئاخر دوکتور هیدایەت جگەلەوەی هێشتا زۆری بە بەرەوە مابووو بەراستی بۆ مردنی زوو بوو، مامۆستام بوو، شانازی ئەوەم هەبوو لە ساڵی سێهەمی زانکۆدا مۆرفۆلۆژیی لێ فێر بمو کەڵك لە توانای زانستیی ئەو زمانەوانە بەنرخە وەربگرم. ئێستا کە چوار ساڵ بەسەر ئەوکات دا رادەبرێو لە خوێندنی باڵا خوێندکاری ماستەر لە زمانی کوردیم، بە دڵنیاییەوە دەڵێم  ئەوەی لە قۆناغی بەکالۆریدا و لە بواری مۆرفۆلۆژیدا لەو فێری بووین لەوەی لە قۆناغی ماستەردا دەیخوێنینو فێری دەبین، کەمتر نیە.

بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرینگەو لە بیری ناکەم، هەر تەنیا زاڵ بوونی ئەو مامۆستایە بەسەر ئەو وانانەدا نەبوو کە پێیدەگوتین. دوکتور هیدایەت عەبدوڵلا حەیران لە هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابییەکانیشیدا مامۆستا بووو لێی فێر دەبووین. ئەو چونکە باوەڕی بە خۆیو توانا زانستییەکەی خۆی هەبوو، لەگەڵمان زۆر خۆمانەو سەمیمی بوو. هیچ پێویستی بەخۆ گرژو مۆن کردنو خۆ گرتنو بەزۆر خۆسەپاندن بەسەر خوێندکاران دا نەبوو. هەموومان وەك باوكو برای دڵسۆزی خۆمان سەیرمان دەکرد، هەستمان بە بوونی دیوارێك لە بەینی خۆمانو ئەودا نەدەکرد. ئەویش وەك کچو کوڕی خۆی، وەك خوشكو براو هاوڕێو دۆستی نزیکی خۆی لەگەڵمان دەجووڵایەوە. ئەم چەشنە هەڵسوکەوتەی لەگەڵماندا - بەپێچەوانەی تێگەیشتنی چەوتی هێندێك وشکە مامۆستا - نەك هەر نەببووە هۆی کەڵکی خراپ وەرگرتنمان لە رەفتاری ئەو، بەڵکوو قەدرو رێزو خۆشەویستی ئەوی لەلای ئێمە چەند بەرامبەر کردبوو. ئەوهەمووە نەرمو نیانیو گەرمو گوڕیو سادەییو خاکەڕاییەی ئەو تەنانەت بۆ یەکجاریش نەبووە هۆی ئەوە کە یەکێك لە ئێمە چل قوتابیی ئەو، ئیزنی رەفتارو کردەوەیەکی نەشیاو بەخۆمان بدەینو بێڵین لێمان برەنجێ.

دوکتور هیدایەت خوێندکاری چالاكو بە مایەی خۆش دەویستو لەگەڵیان دەبوو بە دۆستو برادەر. هەرکات خوێندکارێکی ئەمەگناسی خۆی دوای چەند ساڵ دواتریش لە شوێنێك دیتبا، بەو پەڕی گەرمو گوڕییەوە لەگەڵی بەرەوڕوو دەبووو لە چارەنووسی خوێندنەکەی دەپرسیو بۆ بەرەوپێش چوونی زیاتر هانی دەدا.

رێگای نێوان سلێمانیو کۆیە بەتایبەتی لە زستانان دا رێگەیەکی ناخۆشو پڕ رووداوە.  دوکتور هیدایەت لە سلێمانییەوە بەیانی زوو وەرێ دەکەوت. بۆ ئەوەی لە کۆلێژی پەروەردەی کۆیە وانەمان پێ بڵێتەوە. هەمووجارێ لەسەر "محاضرە" زەنگی موبایلەکەی لێیدەداو ئێمە لە وڵامەکەی را کە دەیگوت "ئا ئا رۆڵە گیان بە سلامەتی گەیشتووینو ئێستا لە محاضرەم" دەمانزانی یەکێك لە منداڵەکانیەتی. سەرەنجام رۆژێ پێیگوتین ئەوە کچەکەیەتی کە هەموو جارێ هەواڵی بەسلامەت گەیشتنی دەپرسێ! هەر ئەوکات لەلای دۆستانی هاوپۆلم دەمگوت کەسێك لەگەڵ قوتابیو خوێندکارانی دا پێوەندییەکی ئەوەندە دۆستانەو پڕ لە خۆشەویستیی هەبێ، هەقی خۆیەتی ئەوەندە لای ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆشەویست بێو هەموو جارێ بەپەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنەوەی بن. دوکتور هیدایەت، لەسەر "محاضرە" هەرکە دەرفەتێك مابایەوە، لەسەر داوای ئێمە لە ئەزموونی شاعیری خۆی دەدواو هێندێك جاریش شێعریی بۆ دەخوێندینەوە. ئەگەر لێم بپرسن حەز دەکەی کام دیمەن لە ژیانی ئەو شاعیرە بکەی بە پۆستێرێكو بیخەیە بەرچاوی ئۆگران دەڵێم ئەو ساتەی لە نێو درەوشانەوەی چاوە هەنگوینییەکانی لە نێو پۆل دا لە ژیانی ئاوێتە بە حەیرانو جوانیی باوکی دەدوا، یا باسی یەکەم رۆژانی پێشمەرگایەتی خۆی لە قەرەداغو ئەوینی کچە لادییەكو ئاوی گۆزەی ماڵە خانەخوێیەکەی بۆ دەکردین.

تەمەنی هەرکەسێك ئەگەر لە کورتیش نەبڕێتەوە، سەرەنجام لە جێگایەك کۆتایی پێدێ. ئەوەی گرینگە کورتو درێژی ئەو تەمەنە نییە، بەڵکوو ئەو بیرو ناوەیە کە مرۆڤەکان لەداوی خۆیان بەجێی دێڵن. بەم پێیە، دوکتور هیدایەت ئەگەرچی کەم ژیا، هەر بەختیارە. چونکە، فارس گوتەنی:

از خاطر دلها نرود یاد تو هرگز
ای آنکه به نیکی همه جا ورد زبانی،
خۆشەویستیت لە دڵەکان ناسڕێتەوە، هەرگیزاو هەرگیز.
ئەی ئەو کەسەی ناوبانگی چاکیت بەسەر هەموو زارو زمانێکەوەیە "